مارکس لەدیدی (جەسکا کاسل)ەوە ... لە وەڵامدا بە پرسیاری دەنگەکان

ئەم چاوپێکەوتنە درێژەی ملمڵانێکە سەبارەت بە کارە مارکس لە 2010وە درێژەی هەیە...
دەنگەکان

جەسیکا کاسڵ، هاوگری هاوناوەندی ماستەر لە بواری کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی رایەرسن لە تۆرنتۆ-کەنەدا. لەبواری نیشتەجێبوون، تەندروستی دەروونی، ئالوودەبوون، دادی کۆمەڵایەتی، توندو تیژی خێزانی، کاری کردووە. لە حەوت ساڵی رابوردوودا بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە تێکەڵ بەخەبات بووە لە پێناو سۆسیالیزمدا و ئێستا ئەندامێتی تەواوی بەردی هێکخەرو نووسەری ئۆرگانی Fightback ی (Marxist.ca)یە (هەوادارانی مارکسی جیهانی) لقی کەنەدایە کە بوونیان هەیە لە زیاتر لە سی وڵاتی جیهاندا.
جەسیکا وەکوو مارکسستێك، گرنگیەکی تایبەتی داوە بە دۆزی ژنان و گەنجان و بەستوویەتیەوە بەخەباتی چینایەتیەوە و بە جەنگ دژی سیستەمی سەرمایەداری.

دەنگەکان:
1) گەلێک هێشنبیربانگەشەی بەسەرچوونی مارکسیزم وەکو فەلسەفەیەک بە گەیینی جیهان ئەکەن. لەبەرامبەریشدا کەسانی تر هەن باوەڕیان وایە کەوا مارکسیزم توانای گەیانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە لە ڕۆژەی سەرمایەداری لە جیهانی ئەمڕۆماندا. بەچوونی ئێوە لەسەر ئەم دووڕا دژبەیەکە چۆنە؟

وەڵام: ئەمە پەیوستە لە خەمان بپرسین، ئۆگەر مارکسیزم پەیوەندی بە جیهانی ئەمڕۆماندوە نیە، بۆچی میدیای بەرژوا و ئۆکادیمکانیان بەردەوام هێرشی بە دەنن؟ ئۆگەر ئێوە ڕاست بێت، کەواتە هێرشکانیان وەکو لەدانی ئەسپێکی مردوو وایە. لەڕاستدا هەیە وامان لە دکات گوە نەگرین لە بوختان و پڵامارکانی مەدلی چەقێتی گەی زەوی لە گەردوون (باوەڕی باو و باڕاستە تا سەدەی شانزە کە گەی زەوی بە چەقی گەردوون دائەنا و ئەستێرکانیشی بەدەوردا ئەخوڵانەوە)- ئەمە لەبەر ئێوەیە کەوا لە زووەوە

نەسڵەمێنراوە و چیتر پێویست بەوە ناکات گفتوگۆی لەسەر بکرێت! هەی هەوڵی بەردەوامی بەرژوا بە پوچەڵ کردنەوەی مارکسیزم بەدڵنیایی ئاگادارتەوە بە ئەوەی کە مارکسیزم نەک تەنها پێوەندیدارە بەکو ئاشکراکەری ڕاستییەکانیشە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە ئەوان خوازیاری پاراستنین. بیرکەکانی مارکس و ئینگڵز، کە لە مانیفێستی کۆمۆنیست بەرجەستە کراوە و لە کارکانی دواتریش پەرەیان پێ دراوە، پێشبینی و شرۆڤەی دیاردەکانی جیهانگیری و قەیرانی زیا بەرهەمی جیهانی (کە ئابوورناسە بەرژواکان بە خواربەکارهێناوە" under consumption" ئاماژەیی پێ ئەکەن لە هەوڵی شاردنەوەی دەم و چاوی ڕاستی پرسەکە)، چەبونەوەی سامان لە دەستانێکی کەمتر و کەمتردا، پەرەسەندنی کەمپانیا نەودەوڵەتکان و مەنپەڵەکان، جەنگ و قنیات کردن. مارکسیزم تەنها شیکردنەوەی بە پرسە ئابورەکە نەکردووە بەکو شیکردنەوەی بە بنچینەکانی چەوساندنەوەی ژن کردوە و بناغەشی بە تێگەیشتن بە جەرەکانی تری چەوساندنەوە و جیاەگەزی لە 150 ساڵی ڕابوردودا دانا. پێویست بووەنی بیری مارکسیزم بژیانەوە لەمە زیاتر ئەبە چەن بەت کە ووداوە جیهانیەکان بە بەردەوامی سڵماندوویانە.

لەهەمان کاتدا، فەیلەسوفان و ئابوورناسانی بەرژوا نەیانتوانیوە هیچ کام لە کەشە بنچینەییەکانی ئابوری سیستەمی سەرمایەداری چارەسەر بکەن. پەیان وتین گوایە ئەمە گونجاوترین سیستەمی ئابوریە و لەبەرزترین ئاستی مرۆڤایەتی، کەچی هەشتا بە ملیۆنەها کەس بەکارن، بە جێگاو ەگان، بەبەشن لە خزمەت گوزاری تەندروستی، لە خوەندن، لە خواردن و لە ئاو. ئێستا کە من ئەمە ئەنووسم، تەنها لە شەش مانگی داهاتوودا بیست ملەۆن کەس ەوبەوی مەرگ ئەبەتەوە لە برساندا، هەرچەندە بەی خواردنی بەرهەم هێنراو لەسەر ئەم ئێستەریە بەشی دە ملیار کەس. ئەمە چەن سستمەکی لەبارە؟!
لە ڕاستیدا ئەوە تەڕی ئابوورناسانی بەرژوا و فەیلەسوفە سیاسیەکانیانە کە زەر بە ئاشکرا شکستی هێناوەومەحاەڵ لەسەر ئەرزی واقیع بسڵمێنرە. لەدوای قەیرانە جیهانێکەی 2008، کە ئەتوانە قسە لەسەر تیەڕی "دەستی نادیار" بکات کە گوایە بازار خۆی ەگ ئەخاتەوە و هاوسەنگ ئەبەتەوە؟ لە2008 ەوە قەرزی جیهانی بە ملیارەها دۆلار زیای کردووە و هێندە وات بڕاستەم بەشە قەرزکانیان لەوادەی خۆیدا پە پەیدا ئەکرە بەوێنەی یەنان. 2008 تەنها نەبەرەی قەیرانێکی گڵۆبڵ قوتر و کەشە هەژێنترە. ئەم قەرزانەی دەوڵەت ئاگوزرتەوە و ئەکەوتە سەر شانی کرێکاران و گەنجان لە ەی بەتایبەت کردنی کەرتی گشتی، قنیات کردن،

کەمکردنەوەی کرێ دەست و دەستکەوتەکانی تر. لەگەڵ زیادبوونی ناجێگیری ئابووری، سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی ئەبینین لە هەموو جیهاندا. ئابوریناسان و دەستەی بیرمەندانی سەر بە سەرمایەداری خەشیان هەشداری ئەدەن لە ئاگرێ یاخیبوون و هەڵگیرسانی شۆش، ئاگر ڕووشکە بردەوام بێت. لەگەڵ ئووشدا چارەیەک بەدی ناکەن بە دەربازبوون لە قەیرانەکان.

تەنها مارکسیزم شیکردنەوەی بە ئەم قەیرانە گشتگیرەی ئەستا هەیە و ئەتوانێت ئالترناتیفەکەشی پێشکەش بکات. ئەو ڕاستیەکی بابەتیانەیە کەوا بەشی هەمووان و بەزیادیشەوە سەرچاوەی بژێوی وسامان هەیە کە بەستاندەرکی شیاو هەموو بژین، (بەتایبەتی کە بزانین دەوڵەمەنترین هەشت کەسی دونیا سامانەکانیان بەقەدەر سامانی 50٪ سامانی چینی خوارەوەی خەڵکی سەر گۆی زەوین). تەنها بەرهەمهێنان و ئاوەڵا بە دەسکەوتی تایبەت ناگرێ لە دەستبەر کردنی پەداویستی زۆرینەی دانیشتوانی سەرزەوی. سۆشیالیزم تەنها ناگایە بە بەرەوپێش چوون!

دەنگەکان:
هەوگەڵەک هەیە کەوا مارکس تەنها وەک فەیلەسوفەک بخوێنرێت لە بواری ئەکادیمیدا، لەلایەکی تریشەوە گروپ و پارتە مارکسیستەکان مارکس وەکوو کیانەکی ئادەڵەجی پێشکەش ئەکەن. دیدی ئەوە بە مارکس لەنەوان فەلسەفە و ئایدەڵەجیدا چۆنە؟

وەڵام: مارکسیزم بریتیە لە چۆنیەتی تەواوین و تێگەیشتنمان لە دنیای دەوروبەرمان. لەم هەستپەکردنەوە، مارکسیزم ئایدەڵەجیا و فەلسەفشە لەهەمان کاتدا. لەڕاستیدا من هیچ جیاوازیەکی ناوون لە نەوانیاندا نابینم، ئەتوانین بڵێین هەموو بەچونەکی ئایدیەڵەجی بنەمایەکی فالسەفی هەیە. بە مارکسیزم، فەلسەفەی ماتیریالیزمی دیالیکتیک بنەما و ناگایەک بوو کە لایەوە هەموو سیستەمی بیرکردنەوەی مارکسییانە پەیدا بوو. ئاگادار بین یان نا، سەیرکردنی جیهان بەبێ چاویلکەیەکی ئایدیەڵەجی یان فەلسەفی یان چوارچێوەیەکی بیرکردنەوە کارەکی مەحاڵە. بەڵام ئاگەر فەلسەفەیەکی بکردەیی سەرکەوتووشت نەبێ؛ ئەوە ئاگری دواکەوتنت لە دنیابینی باوی مڕووبی و ئابوری – کەمایەتی سەردەمەکی خەتدا هەیە. مارکس ئەوەی ناوون کردەوە کە دیدی باوی کەمناگا دیدی دەسەاتە، کەوا زەمینەیەکی ئیدیاڵ بە فەرمی بەناوبردنکیان لە چەوساندنەوەو دەستبەسەراگرتن دەستبەر ئەکات. بەیە زەر گرنگ کەوا چینی چەوساوە و ژێردەست فەلسەفەی تایبەت بە خەیان هەبێت.

مارکس دەستنیشانی کردووە کە کاری فەلسەفە تەنها تێگەیشتن نیە لە دنیا، بەڵکو گۆڕانیشیەتی. هەروەها ماتریالیزمی دیالیکتیك بە دەقیقی فەلسەفەی گۆڕانە و چەن هەموو گۆڕانکارییەکانیش دەرئەنجامی هەڵە دژیەکەکانە. لە سروشتدا بەت یان لە ژیانی کۆمەڵایەتی. زیاتر بەڵکو زۆر جار، گۆڕانکاریان پلە بە پلە هاوە نادات بەڵکو زۆر بەخەرایی و تەقینەوە ئاسا ئەبەت. پێویستە بەم مەژووەوە ئەبینین چەن خەباتی چینایەتی دژبەیەکی چەوساوەکان و چەوسێنەرەوەکان مەژووی بەرەو پێش جولاندووە بوەتە هۆی ناو بە ناو تەقینەوەی شۆڕشگێڕیانە و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا کردووە. ئەمەش پێشبینیەکی ترسناکە بە چینی سەرمایەداری کە سیستەمەکەیان و بەهاکانی بە شیاوترین و سروشتیترین سیستەمی بەڕێوەبردن دائەنێن بە مرۆڤایەتی.

کێشە لە پرسی فەرکردنی فەلسەفەی مارکسیزم بۆشاییەکی سادە بە بەستنەوەی بە مەژوو و ئابووریەوە، ئاوێنەیە کە ئامانجە شۆڕشگێڕیەکەی لەدەست ئەدات. تەنها ئەبەتە فەلسەفە لەپێناو فەلسەفە نەك وەك تێنیشاندەرێك لە پێناو خەباتی چینایەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ئازادکردنی جەماوەری چەوساوە. مارکسیزم ئۆگەر وەکو تێخنەیەکیش لە سیستەمتی سەرمایەداری لە دەرگا ئەکادیمەکاندا بخوێنرێت، بەبەردەوامی و بەئادەیەکی زۆر دەرئەنجامە شۆڕشگێڕیەکەی بە لەناوبردنی ژێمی سەرمایەداری لە دانوسان و گفتوگۆ دوور ئەخرێتەوە. ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە چونکە دەرگا ئەکادیمەکان بەزەری لەژێر کاریگەری کەمپانیاکاندان و سەرچاوەی دارایشیان لە دەوڵەتەوەیە کە لەکەتایبدا هەر بەرگریکەری ژێمی سەرمایەداریە. هەروەها ئەمە باڵادەستی تێرۆکانی پێست مارکسیی وەکو پێست-مەدرینزم و پێست-ستراکچەرزم هوون ئەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی کارا لە بنەما سیستەماتیکەکانی چەوساندنەوە و دەستبەسەراگرتن کەم ئەکاتەوە (تەماوی ئەکات). ئەو بیرکانەی کە لە ئنستتیوتە ئەکادیمەکانی سەر بە دەرگا ئابورەکان ئەوترێتەوە، لەژێر کاریگەری و بیروباوەر و بەچونی ئەو دەرگا ئابوورییاندان.

مەخابن لەدەرەوەی ئەکادیمیاکانیش تەنانەت لە نێو گەلە لەو هەڵکخراوانەی کە ناوی خەیان ناوە هەڵکخراوی مارکسی، زیاتر مارکسیزم بە شێوەیەکی دەگمایانە وەرگیراوە. بەنام مارکسیزم دەگما نیە، تەناتوانی ئاماژە بە وتەیەکی مارکس یان لینین لە دەرەوەی کۆنتەکست (سیاق<کەی راستی و بیروبۆچونەکانی پێویست بە هوودا وەك>) بکەی بەتەنها بە بکارهێنان لەسەر هەر دەخەکی ئەمەدا. واتە ئەبە لە هۆش کۆنکرێتیە بابەتیەکانەوە دەست پێ بکەین بە لەبەرچاوگرتنی

پەیوەندی نێوان هێزە دژبەیەکەکان بە تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماژە و دینامیی لە سەر ئەنجامە ئاگرینەکان- ئەمە شێوە دیالیکتیکی مارکسیزمە (dialectic method of Marxism)، نەک دەگمایەکی مردووی چەقبەستوو.

دەنگەکان:
ئاپرسی و ژمارەکان وای پیشان ئەدەن کەوا مارکس بوونەکی بەرچاوی هەیە لە نێو لاوان وچالاکوانانی نێوی نوێ، ئەم هەبوونەی مارکس لە بیر و چالاکی لاوانی ئەمڕۆدا چۆن لێك ئەدەیتەوە ؟

وەڵام-) زۆر سەختە ئاگەر سەیری هەموو جیهان بکەین لەمڕۆدا و بۆ ئەنجامە نەگەتیڤەکەی بڕواستی هەڵە دەگوزەرێ. سیستەمی سەرمایەداری جیهانی زۆرینەی هێزەهای دانیشتوانی سەر گۆی زەوی خستۆتە نێو ترسناکترین و هەژارترین دۆخی ئەنجامەکانی سیستەمەکەیەوە. لە بیرەوەری گەنجاندا هیچ سەردەمێکیان نەبینیوە کە تیایدا سەرمایەداری توانیبێتی ژیان بۆ ستانداردێکی ئابووەندانە دەستەبەر بکات. ئەوان لە سەرمایەداری تەنها قەیران و داوخانیان دیوە. هەروەها ئەوان بەشێك نین لە وەبەردەرانی نەوکانی پێشتر کە بەهۆی داوخانی یەکجاری سەقڵت و خیانەتی دیەهان سااڵی سەرکردە کارکان و پارتە سۆشیاڵ دیموکراتەکان و پارتە "کۆمۆنیستیە" ستالینەکان لە هەموو جیهان. لە کۆتایشدا، لاوان بە شێوەیەکی زۆر تایبەت هەستیارن لە بەرامبەر قەیرانەکانی سەرمایەداری. ئەمانە لە سەردەمێکدا خوێندن تەواو ئەکەن کە قەرزی خوێندن و ئادەی بێکاری و دەڵاوکێی کاری کاتی وهەڵکشانی ڕێکەت ئاسای تێچووی ژیان و داوخانی ژێرخانی دام و دەزگا کۆمەڵایەتەکان لەئادە دەرچوون. سەرمایەداری تەنها داهاتوویەکی ڕەشیان پێشکەش ئەکات بەیە بەدوای جێگرەوەیەکدا ئاگەڕێن. گەنجانێکی زۆر بەزراون لە ڕەگەز پەرستی و وەحشیگەری پۆلیس، لە جیاکاری لەسەر بنەمای سێکس جێندەر و جەرەکانی تری زوڵم لێکردن و جیاکاری. بەیە بەدوای ڕێگایەکدا ئاگەڕێن لە پێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لێم کارساتانە.

گەنجانێکی زۆریش تووندڕەو بوون بەهۆی ڕووداوگەلێك کە لە هەندێك وڵاتدا دەگوزەرێ وەکو بەهاری عەرەبی، بزووتنەوەی کرێکاران و گەنجان لە وڵاتی یۆنان و ئیسپانیا، شااڵی دانیشتوانی هەندێ وڵات لە دژی سەدەها ساڵ لە داگیرکاری و ژێردەستی، خراپتر کردنی ڕەوشکان لە ڕاژەهەڵاتی ناوین و ئافریقا نموونەی قەیرانی پێنابەران و دیانی تریش . جا بەیە گەنجان لە دەرئەنجامی هەموو

ئەم کەشانە ئەگەنە ئەنجامی پەویستی گەانکاری شەشگەانە. کەسانی وەکو بەرنی ساندەرز لە ئەمەریکا و جەرمی کەربن لە بریتانیا هەیان هەبووە لە بە میللیتەر کردنی (زیاتر قبوڵ کردنی) سەشیالیزم، بەهام پەویستە کەوا گەنجان و کرێکاران بەخەیان فەربن لە بەری ئەم جەرە مارکسانەی سەسیالزم، کە بەاستی پینەکردنی سیستەمە سەرمایەدارێکەیە. کە لە کۆتایشدا بە سەلامەتی ئەیهەتەوە. ئەوەی بەاستی پەویستە گەانکاری شەشگەانەی کەمەگایە. ئەگەر تە ئارەزوی شکاندنی لەژیکی سەرمایەداریت نەبێت ئەوە ئەبە بەزەر ملکەچی بیت. وەکوخیانەتکەی الیکسیس تسیبراس لە یەنان، کە بەتەواوی پاوان کرا لەلاەن سندوقی دراوی جیهانی و بانکی ئەوروپیەوە. هوەداوی لەم جەرانە سنووورداری ریفەرمکردنی سیستەمەکە دەرئەخەن و ملەنەها گەنج ئەخاتە سەر ئەو باوەەی کەوا سەشیالیزم تەنها وەهام و هەگە چارەیە و هوخاندنی شەشگەانەی سەرمایەداری تەنها هەگەیە بە گەیشتن بەو ئامانجە.

لە ئنگلیزیەوە/ نەجات عزیز / 2017-05-18

لەبارەی فەمینزمی کوردیەوە … سمکۆ محەمەد

مەسەلەی ژن .. مەسەلەی کەمەگەیە .....

فەمینیزم چییە؟ .....

فیمینزم رەوتەکی فکری رادیکاڵی ژنانە دژ بەسیستمی باوکسالاری لەکەمەگەدا، ئەم رەوتە لەئەنجامی توندوژی بەرامبەر بەژنان هاتەتە ئاراوە، تەنانەت ئەوکاتەی کە ژنان تاەادەیەك ئازادبوون لەنەو حیزبە سیاسیەکان، ژنان لەچاوی پیاوانەوە بە پلە دوو هاتوون، دواتر ئەم رەوتە فەمی گەا بە رەوتەکی تونداەو بەرامبەر بەپیاو لەرژئاوا، بەتایبەتیش سیستمی قەشەسازی و پاپا و کەسا تەماشای بوونی ژنانیان دەکرد، ئیدی چەمکەکە لەپزیشکیەوە بوو بەرەوتی فکری سیاسی ژنان و درژەی کەشا تائەو رادەیەی

ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. هەبەت "بۆیەکەمجار زاراوەی فیمینیزم (feminzme) سەرەتا بەشێوەی نیمچە بابەتکی پزیشکی بەزمانی فەرانسەیی بۆ گەشەی ئەندامەکان و تایبەتمەندی رەگەزی نەخۆشەکانی ژنانو دواتر بەتایبەتی بۆ پیاوێك کە پزیشکەکان وای بۆدەچوون پزیشکەکان کە هەندێکجار پیاوان جەستەیان لەژن نزیکە و (tenssexwal) یان ئەو پیاوانەی بەجەستەی خۆیانەوە ئازاریان دەکێشا، پاشان ئەلکسەندەر دیری نوسەرێکی ناسراوی فەرانسەیی بوو، ئەو زاراوەیەی لەنامیلکەیەدا بۆ ئەو ژنانە بەکارهێنا کە مێردیان هەیە و بەرواڵەت وەکو پیاو هەڵسوکەوت دەکەن" .. (1)
بۆچونێکی دیکە هەیە کە فیمینزم چەمك و دەستەواژەیەکی یاسایی نییە و لەساڵی 1873 هاتەتە نێو کولتووری فەرانسەییەوە و دواتر تایبەتمەندی وەرگرتووە و هەڵگری پێناسە و پێکهێنەری ڕێبازێکی تایبەتی وەرگرتووە و پاشان پاشگری ئیزمی بۆ زیاد کراوە، چونکە بووە بە ئایدیایەك لە ئایدیاکانی یەکسانیخوازی ژن و پیاو لەژیاندا، ئەو ڕەوتە پێشتر تووندڕەو نەبوون، چونکە ئیلهامیان لەو تێگەیشتنەی مارکس وەرگرتبوو کە دەیگوت " لەسیستمی سەرمایەداریدا ژنان کۆیلەن لەژێر دەستی پیاو و هەتا یەکسانی بەدەست نەیات، ژنان بەکۆیلەیەتی دەمێننەوە". دواتر کەسانی وەکو (ڕۆژە کاوز و سیمین دی بۆڤارا) و دەیان ژن دەرکەوتن پشتەواتیان کرد و بوون بە تیوریستینی ئەو ڕەوتەو و تووندڕەوی تێکەوت.

(میری دیلی) وەکو کەمەناسك لەراپۆرتکدا لەبارەی ژنانەوە کە لەژێر کۆنتڕۆڵی پیاوان و سەرکوتیان دەکەن ئەنجامیداوە و دەڵێ " وەختێك پیاوان بانگەشەی خاوەندارێتی کەرەستەی ژیانی بەکارهێناوە و دابینی کردووە، هەروەها وەکو خاوەن جەستەیەکی بەهێزی جومگە، هێزی کاری دابینکردووە، ئیتر هاوسەرەکانیان دەکردن بە بەخۆکەری منداڵ و دەیانخستنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیانەوە و پەراوێزیان دەخستن". هەروەها دەڵێ پیاوان کەکیان لەزەبر و زەنگ بەرامبەر بە ژنان وەرگرتووە، ئەم ڕەوتە لەسەدەی 19 زیاتر سەریهەڵداو بوو بەباو لەنێو ژنان و بەتایبەتیش لە ڕۆژئاوا، دواتر گەشەی کردوو و ڕەوتەکە گەیشتە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتیش ئەو کەمەگەیانەی کە بەکەمەگەی ئیسلام ناسراون، (قاسم ئەمین) نوسەرێکی بەرەگەز عەرەبە و لەکتێبی (المراه الجدیده) دەڵێ پشتر هەوڵێك لەنێو دونیای عەرەبی ئیسلامیش هەبوو ژنان لەدژی پیاوان بنەدەنگ نەبن و داوای مافی خۆیان بکەن، بەڵام شەریعەت ئەوەی بۆ ژنی دانابوو دەبوو پەیڕەوی بکات و ئاینیش بۆچوونی کۆنکریتە و نەدەبوو بگۆڕێت، بەڵام بۆ ئەوەی ژنانی ئیسلامیش کەمێك لەزەبر و زەنگ و کوشتن و

پەراوێزخستن دوور بکەونەوە، لەوێوە دەستیان پێکرد سەرەتا لەگرینگیدا بەنەخشی ژنان و بردنیان بۆ نەخشخانە و چارەسەریان لەو سەروەختەدا و دواتر چوونیان بۆ بەرخوێندن و پاشان مافە کۆمەڵایەتیەکان و شوکردن بەئارەزووی خۆیان و هتد، بەڵام ئەمە تەنها لەنێو ئەشراف و بنەماڵە ناودارەکان بوون، چونکە ژنەکانیان بەناز بوون لەلایەن پیاوانەوە، بۆیە نەبوو بەعادەت بۆ ژنانی وەکو بنەماڵە ئاساییەکان، (د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام لەو کتێبەی وەریگێراوە بەناوی (ئەفڵاتۆن و ژن) باس لەوە دەکات کە بەشێك لەو هەکارانەی کە ژنانی خستۆتە ژێر رکێفی پیاوانەوە، پەیوەندیان بەفەلسەفەوە هەبووە و فەلسەفە کاریگەری زۆری هەبووە، مەسەلەی هەکاری لاوازی جەستەی ژنان کە لەرگەی فەلسەفەی کلاسیکیەوە هاتۆتە بەرباس، ئەو تێگەیشتنەی بۆ کۆمەڵگەکان دروستکردووە و سەپاندوویەتی و بەتایبەتی لەسەردەمی یۆنانی کۆندا هاتووە، کە ژنان ناتوانن سەرکردایەتی بکەن، مەگەر دەگمەن ژنێك هەبکەوێ لەکۆمەڵگەیەك سەرکردایەتی پیاو وەکو مێژوو باسی دەکات، تاقمێکی تر لەفەیلەسوفان باس لەوە دەکەن تازە بوونی ژن بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و بەخێوکردن و خۆ ئامادەکردن بۆ بەتاکردنەوەی سێکسی پیاوان، وەکو حاڵەتێکی سرووشتی لێهاتووە و بووە بەنەریت و عادات و تەقالید و بەشێکی زۆریش لەیاسا، کەواتە هەوڵەکان بۆ رزگارکردنی ژن تەنها لەپێدانی هەندێ مافی ئینسانی و شارستانی و کارکردن دەبێت، نەك بۆ سیاسەت و کاری قورس کە نەجەستەی ژن رگەی پێدەدات و نە بواریشی هەیە بتوانێ لەیەك کاتدا هەموو ئەو کارە سرووشتیانە و کاری دیکەی سەرکردایەتی و کارگێڕی و شەڕ و هتد بکات، هەندێك لەو ژنانەی کە وەکو فیمینیست خۆیان نیشاندەدەن، نەك هەر لەبواری فەلسەفە و فکرەوە وەڵامی ئەم باسەیان پێنیە، بەکو ناتوانن ئەو فکرەیەی کە هەیە بەخودی ژنانیشی بگەنن، چونکە هێشتا بەچاوی سێز و بەزەییەوە تەماشای کێشەی کۆمەگە دەکەن و بەمەسەلەی ژنان پێناسەی دەکەن، لەحاڵێکدا مەسەلەی ژن مەسەلەی کۆمەگەیە، ئەگەرنا ژنێك لەهەر کونجێکی دونیا کێشەی هەبێت بەبێ پیاو یان برا یان باوك و کەسوکار کێشەی نییە، بۆچی دەبێ پیاو دژی ژن بێت، بەڵام سیستمی سیاسی لەبەرچاو نەگیرێ، ئەمە لەکاتێکدا سیستمی سیاسی ژنی کردووە بە پلە دووی کۆمەگە بەدرێژایی مێژوو، نەك پیاو .

گێشەگێری ژنان

ئەگەرچی هیچ شەرع و یاسایەك و نەریتێك رگەنادات ژن گێشەگیر بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لەهەموو کونجێکی دونیادا بە وڵاتە

پشکەوتووەکانیشەوە بوونی هەیە، بۆ نموونە لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیا بەهۆی کەشوهەوا و نەبوونی پەیوەندیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و بەهۆی تاك گەرایی و ئازادی لەرادەبەدەری تاکەوە، هەروەها بەهۆی ئەو ئازادیەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەدەستوور و یاسا ڕێکخراوە و فەزڵیان بەسەر پیاوانەوە هەیە، گۆشەگیر بوون و زۆرجاریش ئەو گۆشەگیرییە دەبێتە هۆی خۆکوشتن، لەوڵاتانی ئەفریقا نەریتێك هەیە کە ژن دەتوانێ بەتەنها بژی و پێویستی بەپیاو نەبێ، ئەم نەریتە بەقسەی کۆمەڵناسەکان گورزێکی کوشندەی لەژیانی سروشتی و خێزانداری و سێکسی ئاسایی داوە و چارەسەریشی ئەستەمە، چونکە بووە بەنەریت و ئاسان نییە بگۆڕێت، لەکوردەواریشدا ئەمە بەشێوەیەکی تر کە گۆشەگیری مەرج نییە ژن بەتەنها بژی تاکو دوچاری ئەو حاڵەتە ببێتەوە کە گۆشەگیر بێت، بەکو زۆرجار بەناچار لەنێو خەڵك و کۆمەڵگەشە، بەڵام هەمیشە هەست بەتەنهایی دەکەن، یان ئەوەتا بەهۆی جەستەیانەوە کە زۆرجار یان توشی شۆکی پیاو و خێزان بوونە وینەی ناشیرین و ئەزموونی ناحەزیان بینیوە و بیستووە لەگۆرانەوەی چیرۆکە خەمناکەکانی کۆمەڵگە کە چۆن ژنان بوون بەقوربانی سیکس و خێزان و هتد، ئیتر ئەمە بۆتە هۆی گۆشەگیر بوون، یان ئەوەتا بەهۆی هارمۆنی تێکەڵاوەوە لەجەستەیان کە هەندێکجار ئەندامی زایەندیان نۆرە و بۆخۆیان بەجەستە و بەروالەت ژنن، ئیدی ناتوانن وەکو پێویست وەکو ئینسانی ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن لەنێو خەڵکدا، بۆیە بەناچار دەبێ گۆشەگیر بن و نە شوو بکەن و نە تێکەڵاوبن، نەك تووشی تەشیر و سوکایەتی ببن، بەڵام لەگەڵ تەنها بوونەوەیان بەهۆی نەمانی کەسوکار لەدەوروپشتیان یان مردنی ئەوانیدیکەی کەسوکار، کەسەکە بەتەنها دەبێتە کەرەستەی ئەوانی تر بۆ گاڵتەجاڕی و سوکایەتیپێکردن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هیچ یاسایەك نییە بەرگری لەژیانی ئەم جۆرە کەسانە بکات، یان بەرگری لەمافیان بکات و مومارەسەی ژیان بکەن وەکو ئەوانی تر، بۆیە زۆرجار خۆیان دەکوژن یان بزردەبن لەکۆمەڵگە و تووشی حاڵەتە ناسروشتی دەرونی دەبن و کێشە بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتیش دروست دەکەن، ئەم حاڵەتە لەرۆژئاوا ئاساییەوە دەوڵەت یانەی شەوان و دکتۆری تایبەت و سەندیکای تایبەت و ژیانی تایبەتیان هەیە بەهۆی کولتووری رۆژئاوا، بۆیە بەشێك لەکێشەکانیان چارەسەر کراوە، بەڵام لەکوردستان وەك ئەو هەموو ڕێکخراوانەی دەربارەی ژنان کار دەکەن، باسی ئەم کێشەیە ناکەن و بەدوایدا ناچن کە لەکێشەی ژن کوشتن مەترسیدارترە و کێشەی گەورەی هەنوکە و داهاتووی کۆمەڵگەیە.

جۆرێکی تری گۆشەگیری ژنان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەهۆی حاڵەتی

نائاسایی و شەڕ و ماڵوێرانی و نەبوونی ئەمنیەت و جێگیربوونی کۆمەڵگە، ڕۆژەی هاوسەرگیری کەمدەبێتەوە، بۆیە قەیرە کچی ڕۆژەکەی بەرەو هەڵکشان دەچێت و دەبێتە هۆی گۆشەگیریان، بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکێك لەڕۆژنامەکانی کوردستان ساڵی 2009 ئامارێکی چنگ کەوتبوو، دەڵێ لەکوردستان تەنها ئەوەی بەدەستی دەزگا تەندروستی کۆمەڵایەتیەکانی حکومەت گەیشتووە، ژمارەی قەیرەکچ، نزیکەی 700 قەیرەیە لەکوردستان و زۆربەشیان ئامار دەستی پێانەگەیشتووە.
ئەم حاڵەتە بەپێچەوانەوە بێ ئەو پیاوانەش کە بەجەستە پیاون بەئەندامی زایەندنیان ژنن یان هەر نیانە، بەهەمان شێوەیە کەکێشەی ئازادی و هەبژاردنی شێوەی ژیانیان هەیە، ئەمان بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەن وەکو ژنان نین بشاردرێنەوە، هەم بێ کاتی هاوسەگیری زۆر و فشاریان بۆدێت، هەم سوکایەتیان پێدەکرێ کە پیاو نیین و مەرجی پیاوەتیان نییە و سوکایەتیان پێدەکرێ، بێ نموونە لەرابردوودا چەند دیمەنێکی وەها لەلایەن پۆلیسی عێراقیەوە لەیوتوب بڵاوکراوەتەوە، ئەو کوانەی بەرواڵەت پیاون و بەجەستە سینگیان و ئەندامی زایندیان مێینەیە، بەزۆر ڕووتیان دەکەنەوە و سوکایەتیان پێدەکرێ، لەبەرامبەر ئەمەشدا نە یاسا هەیە کە ئەو کەسانە سزا بدات یاسا پشتڵ دەکەن و خۆشیان پیاوی بەناو یاسان، نە لەرووی نەریت و شەرعەوە بەرگریان لێدەکرێ، بۆیە دەبێ بەناچار گۆشەگیر بن لەدیوی ماڵەوە، یان ئەوەتا خۆیان بکوژن.

فێمینستەکان لەهەموو بوارەکان زەحمەتکێکی زۆر بێ کۆمەڵگە دەخوڵقێنن، لەوانەش مەسەلەی ڕێگری لەزیادکردنی ئینسان وەکو منداڵ بوون لەلایەن ژنانەوە، ئەمە دەڵێم مەبەستمە باس لەو تێگەیشتنە بکەم کە لەزۆر شوین هەیە و تاڕادەیەکیش لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەاتیش بوونی هەیە، بێ نموونە ئەو تێگەیشتنەی کە فیمینستەکان بێ ژنانیان پەخشکردووە، ئەوەیە کە ستەمی سەر ژنان و کێلە بوونیان لەمێژوودا، دروست و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە و بێ خشبەختی پیاو بووە و هیچی تر، تاکو بێ موڵك و ماڵ پاراستن کەڵك لەو کۆو کچانە وەربگرن کە لەبەرهەمی ژنەکانیانە، بۆیە ژنەکان ڕێگەیان نەدەدا منداڵیان لەپیاوەکان ببڕێت، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنە وەها کەوتبێوە کە ئەگەر ژنان منداڵیان ببڕێت دەبێ دوور بکەونەوە لەهەر چالاکیەك کەوەکو پیاو بیکەن، هەر دەبێ خەریکی منداڵ هێنان بن و منداڵ بەخێو بکەون و ببن بەکارێکتەری ماڵەوە و نەیەنە دەرەوە وەکو پیاو، لەبارێکی تڕەوە بەو هۆیەوە بوو کە فێمینستەکان ژنانیان وەها تێگەیاندبوو کە نابێ ژن ئەوەندە خۆیان بەکەم بزانن و لەکاتی سێکس کردندا تەنها بێ بەتاکردنەوەی

غەریزەی سێکسی پیاو بن و دواتر سکیان پێبێت و منداڵ بێ پیاو بهێنن، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە نابێ ژن خۆی لەو کاتەدا ببینێ کە سوك دەبێ لەبەرچاوی پیاو و سکی پێدەبێت، ئەمە بوو بەنەریتێك بێ ژنان کە دوور بکەونەوە لەپێکهێنانی خێزان لەلایەن ژنانەوە، سەرەتاکەشی لەو مێژووەوە وەرگیرابوو وەکو نەریت کە لەئوسترالیا و گینەی نوێ و ئەفەریقا و مایکرۆنزیان ئاسام ویرمانی خواروی ئامریکا و چەند شوێنکی تر، ئەم نموونەیە لەباکوری پاپش هەبووە و خراپتریش، بێ نموونە هیچ ژن و پیاوێك بیان نەبووە لەیەکتر نزیك ببنەوە لەشوێنە گشتیەکاندا، ئەگەرچی ژن و پیاوی یەکتریش بن یان دایکی منداڵی پیاویش بێت، بەیە خێزان هیچ مانایەکی نەمابوو لەئەنجامدا هاورەگەزی دروست بوو، بەومانایەی پیاو لەگەڵ پیاودا سێکسیان دەکرد و ئێستا بەشێوەیەکی دیکە لەهەمودونیادا بووەتە باو، هاوڕەگەزی بەیاسا ناسراوە و دیسان یانەی تایبەت و شوێنی تایبەتیان هەیە وپارێزراون لەلایەن دەوڵەتەوە، فیمینیستی کوردی ئەگەر هەبێ وەکو رەوتێك یان دیاردەیەکی رۆکخراوەی ژنان، کەمو زۆر بەلای ئەم کێشانەدا ناچێت، جگە لەوەی باس لەدروستکردنی شێتەر بکات بێ پاراستنی ئەو ژنانەی کێشەی خێزانیان هەیە، یان لەنەریتی کەمەگە لایانداوە، بەڵام چارەسەری ئەو رۆکخراوانەش لەچوارچێوەی سێز و بەزەیی بێ ژنان دەرنەچووە، یان ئەوەندەی خۆیان بەو ژنانەوە خەریك کردووە کە لەسەنتەرەکانن و بازرگانیان پێوەدەکەن بەشێك لەرۆکخراوەکان، ئەوەندە باسی هۆشیاری ناکەن کە ژنان چۆن بتوانن ببن بەخاوەنی ئیرادەی خۆیان، یان چۆن نزیك ببنەوە لەدروستکردنی بۆیار لەسەر چارەنووسی کەمەگە..

بەکاڵاکردنی ژن لەبازاڕ

نزار قەبانی دەڵێ " لەهەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە ببینم، ژنان خۆیان ستەم لەخۆیان دەکەن".
لەپەراوێزی ئەم دێڕەی شاعیری ناسراوی عەرەب نزار قەببانی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کێشەی ژنان کێشەی رەگەزێکی دیاریکراو نییە، یان باشتر بڵێم کە ژنان خۆیان بەشێکی گەورەن لەخوقاندنی ستەم لەسەر خۆیان، خۆ بەکاڵاکردن تەنها لەیانەی شەوان و سێکس فرۆشتن و مەلهاکان نییە، بەقەد ئەوەی خۆ بەکەمزانین و خۆفرۆشتنە بە پیاو لەلایەن ژنەوە بەرامبەر بەوەی سەرەتا دەبێت کوێ داوای کچ بکات وەکو کاڵایەك لەماڵی باوکی ژن، دواتر خەرجیەکان بەشەهامەتەوە بخاتە سەر شانی، وەکو ئەوەی لەخوارەوە باسی دەکەم.
هەبەت لەخۆایی نییە کە مەوقیعی کەمەایەتی و ئابووری ژنان

کەوتە چەشتخانە و ئەکرێ پەروەردەکردنی منداڵ و هتد، بەکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەسەرەتای شوکردنی کچ بەکۆ و سەپاندنی بەرپرسیارێتی لەسەرەتای هاوسەرگیرییەوە سەرهەڵدەدات، مارەیی و پێشەکی و کۆینی ماڵ و پێداویستی و کەرەستە و تێچوونی ئاهەنگی هاوسەرگیری و کۆینی خشڵ و زێڕ و کەرەستەکانی تر و گرتنی خانوو و هتد، لەلایەن ماڵی کچەوە بەسەر ماڵی کۆ، یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردیە، لێرەوە بەکاڵاکردنی ژن بۆ موڵکدارێتی پیاو دەستپێدەکات، فەرمانیستەکان ئەم باسەیان شینەکردۆتەوە بۆ کچان و بنەماڵە و نەریتی کۆمەڵگە و نەهێشتنی لەرووی یاساییەوە لەرگەی میدیا و هونەرکارەکانی دیکەوی گەیاندنی ئەم تێگەیشتنە سوننەتیی و پڕ لەکێشەیە، کەچی باس لەمافی ئافرەت دەکەن کە لەراستیدا سەرتای مافی ئافرەت لەکۆمەڵگەی نەریتخواز و کۆنەپەرست و دواکەوتوو و پیاوسالار و هتد، لەم بەکاڵاکردنەی کچانەوە دەستپێدەکات کە پیاوان خۆیان بەخاوەنی ژنان بزانن و رگەنەدەن ژنان وەکو پێویست بچنە دەرەوە و ئیرادەیان هەبێت لەهەموو بوارەکاندا.

ئەمە بەشێکی بەبازاڕکردن و بەکاڵاکردنی ژنانە، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە لەبازاڕی سیاسەتدا ژنان وەکو کەرەستەی ریکلام بەکاردێن بۆ هەموو پێداویستیەکی رۆژانەی ئینسان، ئیدی هەر لە شامپۆ وە بگرە تاکو ماشین و کەرەستەی نێو ماڵ، ئەم بەکاڵاکردنە تەنها بۆ ستەمگەری لەسەر ژنان نییە لەلایەن پیاوانەوە، بگرە لەوەوەیە کە سیاسەت رگریی یەکەمی ئەم باسەیە کە دواجار بازاڕی پگەرم دەکات و هاوکێشەی سیاسی لەبیر خەڵك دەباتەوە، خشگوزەران کردنی خەڵك بەشێکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەت و سیستم، بۆ ئەوەی یاخیگەرێتی لەسیستم و شەرع و یاسا و هتد روونەدات، هەرچی زیاتر مەسەلەی ژنان دەکات بەدوو بەشەوە، هەم هێشتنەوەی ژن لەژێر دەستی پیاو بەیاسا، هەم دروستکردنی فەزایەك بۆ ئازادی ژن تاکو ئازادبوونی خۆیان لەوەدا ببینن کە پێشاك و خۆ ڕازاندنەوە و موکداری و وەگرتنی وەزیفەی ئاسان و سەفەرکردن و هتد، بۆیە باڵانسکردنی یەکسانی بەم شێوەیە لەنێو ژن پیاودا لەسیستمی جگری ئستادا بەیان کراوە و بووەتە تگەیشتن.

مەسەلەی ئەخلاق و پاراستنی نەریت و هێشتنەوەی ئەو دەسەاتەی کە لەئەسدا بەدەست سیستمی سیاسیەوەیە، دواجار رادەستی پیاو کراوە بۆئەوەی هاوکێشەکە بەهەواسراوی بمنێتەوە، ژنان ئەمەیان پشتگوی َخستووە و بەتایبەتیش ئەو ژنانەی رکخراویان هەیە و

ئەوانەش کە خۆیان بەفەمینیست دەزانن، لەحاڵێکدا بەشێکی زۆری کێشەی ژنان لەکۆمەڵگەی سوننەتی و دواکەوتوویی و نەبوونی دەستوور و یاسایی پێشکەوتنخوازی و شارستانی، لەوڕدایە کە ئەخلاق جێگەی بە یاسا نەهێشتۆتەوە و بووە بەبەشێکی گەورە لەفەزای کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵگە. فەمیسنتەکان دەبێت ئەم تێگەیشتنانە بخەنە بەرباس و موناقەشە و هۆشیارکردنەوەی ژنان، نەك کێشەی لاوەکی و دوورخستنەوەی ژن لەکێشە ئەسڵیەکەیان کەکێشەی کۆمەڵگەیە.

_____

سەرچاوەکان

1: کتێبی فیمینزم. وەرگێڕانی بۆ کوردی ، شنۆ میهر پەروەر، دەزگای وەرگێڕان. ساڵی 2011

2: د. ئیمام عەبدلفەتاح ئیمام. ئەفلاتۆن و ژن. وەرگێڕانی بۆ کوردی. هاوار محەمەد. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

3: قاسم امین. المراو الجیده. دار النشر. بیروت. 2010

شیعر و چەمکەکانی ئیرۆس وساناتۆس و ئەبەدییەت ... ناڵێن حەسەن



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

چیرۆکی کوردی و کێشەکانی لە دیدی چیرۆك نوسە گەنجەکانەوە ... ئامادەکردنی تەوەر: شاخەوان سدیق

چیرۆك یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و یەکێکیشە لە کۆنترین بوارەکانی نوسین، لە کورترین پێناسەی ئەم ژانرەدا، گۆڤانەوەی بابەتێکە لە کورترین ماوەدا. بۆ قسەکردن لەسەر چیرۆکی کوردی و کێشەکانی ئەم دیدارانەمان لەگەڵ چەند چیرۆك نوسێکی گەندا ئەنجامدا.…

پ/ ئەو گۆڤانە بەرچاوانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە چیرۆکی کوردیدا ڕویانداوە چین؟ لە چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە ئا ئەمڕۆ. هەم لە ڕووی تێکست و تێماو ماناوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و گۆڤانەوەوە؟

سواره نەجمەدین جەبار
5/12/1986 لە کەرکوك لە دایك بووە.
ساڵی 2005 دەست بە نووسین و بڵاو کردنەوەی دەقەکانی دەکات.
ساڵی 2006 کۆمەڵە چیرۆکی (نامەیەك بۆ فرێید) بڵاو دەکاتەوە.
ساڵی 2010 کۆڵێژی کارگێری و ئابووری بەشی ئاماری زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات.
ساڵی 2011 کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیانێرم) بڵاو دەکاتەوە.
ساڵی 2011 خەڵاتی یەکەمی شیعر لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ وەردەگرێت
ساڵی 2015 و 2016 خەڵاتی دووهەمی چیرۆك لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ وەردەگرێت.
25/11/2016 یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی (سوپاس بۆ دڵستێفسکی) بڵاو دەکاتەوە.
چەند چیرۆك و شیعرێکی وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی.
هەمان ساڵ قەڵغانی کتێبی ساڵ لە لایەن دەزگای هەواڵ و دەزگای داودیيەوە وەك باشترین کتێبی ساڵ دەدرێت بە ڕۆمانی سوپاس دڵستێفسکی.

سواره نەجمەدین/ ئەو ماوەیەی ئێوە پرسیاری لە بارەوە دەکەن، نزیکەی سەدەیەکە، قسەکردن دەربارەی سەدەیەك لە چیرۆك(1925 بۆ 2017)، لە کاتێکدا چەند رەگەزێکی دیاریکراوتان داناوە، هەر یەکەیان بۆ خۆی پێویستی بە قسەکردنی ورد هەیە، کارێکی نەکردەیە لە وەڵامی پرسیارێکدا جێگای ببێتەوە، پرسیارەکە چۆن و وەڵامێکی چڕی دەوێت، بۆ ئەوەی لەو سنورەی بێت داناوم وەڵامێکی گونجاو بدەمەوە، دەبێت خۆم لە زۆربەی بەشەکانی پرسیارەکە بدزمەوە. بە بەراورد بە مێژووە کورتەکەی (92 ساڵ) چیرۆکی کوردی لە زۆربەی ووەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە، بە جۆرێك دەکرێت بڵێم لە هەندێك قۆناغدا نەك هەنگاو بگرە بەقەڵەمبازیش ناوی بەرین زیادەڕەویمان نەکردووە. چۆن مێژووی چیرۆکی جیهان زۆر لەوە درێژتر و چڕ تر، لە چیرۆکی کوردی بەم ماوە کەمە لە ئێستادا لە قۆناغێکی تا ڕادەیەك شایستەدایە بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، گەر بەراوردێکی چیرۆکی (لەخەوما) و چیرۆکێکی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین ئاستەکە بەشێوەیەك بەرچاو بەرەوپێش چووە. بە ڕەچاوکردنی ئەو بڕچوونەی لای وایە (لەخەوما) ناچێتە خانەی چیرۆکەوە، بگرە گۆڕانەوەی ڕۆژانەیە یان هەڵشتنی دەردە دڵە. چیرۆکی ئەمڕۆ زۆر هونەری تر و بابەتی تر، بە تایبەت چیرۆکی دوای نەوەدەکان بە ووونی کاریگەری ئەدەبیاتی جیهانی پێوە دیارە، دەکرێت بڵێم چیرۆکنووسانی نەوەی پێش ئێمە زۆر لێهاتووبوون لە هێنانی ئەزموونی چیرۆکنووسە جیهانییەکان بۆ ناو چیرۆکی کوردی، نەوەی پێش ئەوانیش زۆر زیرەکانە ئەزموونی چیرۆکی عەرەبی و فارسیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی قۆناغێکی خۆیان. چیرۆکی ئەمڕۆ لە زۆربەی ووەوەکانەوە کاریگەری چیرۆکە جیهانییەکانی لەسەرە، بەجۆرێك فۆرمە نوێیەکانی چیرۆك بە ئاسانی دەگات بە چیرۆکی کوردی، گەر سەرنجێکی چیرۆکی ئەمڕۆ بدەی دەیان فۆرم و گۆڕانەوەی جیاواز دەبینیت، بە بەراورد بە چیرۆکی (لەخەوما- جەمیل سایب) یان (مەسلەی ویژدان- ئەحمەد موختار جاف) کە دەکرێت بڵێین زیاتر گۆڕانەوە کردویانێتی بە چیرۆك، دەبینین مانا ئەمڕۆ زۆر فراوانترە، فۆرم زۆر جیاوازترە و دەیان و سەدان فۆرمی جیاواز پەیدەو دەکرێت، گۆڕانەوە و زمان، تەکنیکی جۆربەجۆر، گرێچن و چاوەاو بە هونەرێکی بەرز، هەموو ڕەگەزەکان لە چیرۆکی نوێدا برەویان پێدەدرێت و هەوڵی دێزینەوەی فۆرمی نوێ دەدرێت. هەبەت ئەم بەراوردکارییە لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا دادپەروەری نییە، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی پێگەی ئەو دوو چیرۆکە نییە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا، چونکە چ (لەخەوما) و چ (مەسەلەی ویژدان) دەستپێکێکی مەزن بوون بۆ چیرۆکی کوردی، چۆن پێشووتر چیرۆکی کوردی لە قۆناغی گۆڕانەوەی بەرئاگردان و بەند و

باڵرەی نۆو قاوەخانەکانەوە گواستەوە بۆ فڕۆمۆکی هونەری، واتە چیرۆکی لە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەوە گواستەوە بۆ ژانرێکی هونەری، لەسەر ئەو بنەمایەش چیرۆکی کوردی گەیشتووە بەمڕۆ.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دۆزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گێڕانەوە؟

جوتیار ئەحمەد ساڵی 1980 لە دایك بوە.

ساڵی 2006 بەشی شۆنەواری زانکۆی سلێمانی تەوکردووە.
ئێستا خوێنکاری ماستەرە لە بواری شۆنەواردا.
تا ئێستا دوو کۆمەڵە چیرۆك بڵاوکردۆتەوە بەناوەکانی (سوارەکانی وشەو ڕۆچکەی مڵوڕەکان) ڕۆمانێکیش بڵاوکردۆتەوە بەناوی (ئایەتەکانی سورەیا).
جوتیار ئەحمەد/ تا ئەو کاتەی کاروان کاکەسور، ئارامی کاکەی فلاح و عتا محمەد دێن و بە ناخی ئینسانی کوردا ڕۆئەچن و تێئەگەن کە تاکی کورد چەند ناخی داماوەو چۆن ئەناڕەنێ بەدەست نەخۆشیەکانیەوە، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەند دەرونی ماندو کردوە! ئیدی لێرەوە تێماو مانا ئەگێڕێن بۆ ئەوەی کە ئینسانی کورد بەرەو ئەوە ئەچێت کەخۆی بناسێت و بەناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە، بەرەو وشیاری مل بنێت، لە ڕۆگەی ئاناتۆمی ناخی خۆیەوە خۆی دەوروبەر بناسێت ! تۆ ناتوانی تکنیك داڕێژی ئیدی بەپێی ئەو یاسایە ناوەڕۆك داڕێژی ئەمە تنها بۆ زانست دەست ئەدات کە من لە شۆنی تریشدا وتوومە، ئەدەب و هونەر ناچێتە خانەی هیچ یاساو ڕێسایەکەوەئەوە ناوە ڕۆکە کە تکنیك دیاری ئەکات و نوسەر ئەتوانێت بەپێی ئەو ناوەڕۆکەم تکنیك دیاری بکات. ئیدی باش یا خراپ ئەوە ئەکەوێتە سەر نوسەر خۆی! چیرۆکی کوردی کە زۆر خۆی لە قەرەی تکنیك نەداوە، بەتایبەتی لە ڕابردودا، پێئەچێ هۆی ئەوەبێت کە ئێمە ئەم ژانرەمان وەرگرتبێت واتە وەك هەر ژانرێك و شتێکی تر هاوردەمان کردبێت، شارەزای بنجوبناونی نەبین تا بزانین چۆن بیگۆڕینەوە، بۆیە زۆرکات لە سەر شێوازی ئەوەی پێئەڵین حیکایەت دەست بەگێڕانەوە ئەکەین، لەم ساڵانەی دوایدا چیرۆکی کوردی بەشوێن شێوازی نوێی گێڕانەوەو تەکنیکی نوێدا ئەگەڕێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دنیابینی تاکی کورد زیاتر بووە، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی زۆر لە جاران زیاتر بووە ئیدی باش بێت یا خراپ، پێشکەوتنی تکنەلۆجیاش خۆی هۆیەکی سەرەکیە بۆ

پشکەوتنی تکنیکی چیرۆك كە بەردەستخستنی زانیاری زۆر ئاسان كردووە.

پ/ بە بەراورد بە چیرۆكی جیهانی ئەو شێوازو تەكنیكە نوێیانە كامانەن كە بۆ نوسینی چیرۆكی نوێی كوردی گونجاون؟ یان بە جۆرێكی كە كێشەكانی ئێستای چیرۆكی ئێمە لە چیدایە؟

گۆران ھەئوف

ساڵی 1991 لە دایك بووە ـ
دەرچووی ئامادەییە ـ
لە ساڵی 2005 دەستیكردووە بە نووسین ـــ ساڵی ٢٠٠٧ چاپ و بڵاوكردنەوەی نۆڤلێتێك بەناوی (زستانێكی پڕ نهێنی)
ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆمانێك بەناوی (ڕاستییە درزنەكان)
ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاوبوونەوەی كۆمەڵە شیعرێك بەناوی (عەشق نائومێدییەكی خۆشە) لەلایەن خانەی ڕۆشنان ەوە.
ـ ساڵی ٢٠١٦ چاپ و بڵاوكردنەوەی كۆمەڵە چیرۆكێك بەناوی (قەفەزێك لەناخی باڵندەیەكدا). لەلایەن دەزگای سەردەمەوە.
ـ ساڵی ٢٠١٢ لە ھەشتەمین ڤیستیڤاڵی گۆڤەنبەردا خەڵاتی یەكەمی وەرگرتوە بۆ چیرۆكی قەفەزێك لەناخی باڵندەیەكدا.
ـ ساڵی ٢٠١٤ لە ھەژدەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە بۆ چیرۆكی دڵی قاسم. ـ ساڵی ٢٠١٣ لە فیستیڤاڵی ھەتاودا خەڵاتی سێیەمی وەرگرتووە بۆ چیرۆكی گەڕانەوە بۆ ژیانەكەی تر.

گۆران ھەئوف: بەشی یەكەمی پرسیارەكە كەمێك ئاڵۆزی تێدایە. دنیای چیرۆكی كوردی بەھۆی ئەوەی نەیتوانیوە لەگەڵ مۆژووی چیرۆك، لە جیهاندا ھاوتەریب ڕێبكات، ناكرێت ئێمە قسە لەبارەی سەرلەبەری چیرۆكی كوردییەوە بكەین.. ھۆكارگەلێكی زۆر ھەیە كەوایكردووە بۆ مۆژووی چیرۆكی كوردی لاسەنگ بێت لەگەڵ مۆژووی چیرۆكی جیهانیدا؟ چونكە دۆخی سیاسی و داگیركاری و ڕاوەدوونانی نەتەوەی كورد و چەوساندنەوەی لەلایەن داگیركەرانی كوردستانەوە ھۆكارێكی بنەڕەتی بووە تا چیرۆكی كوردی بەپێی قۆناغە جیهانییەكانی گەشە بەخۆی بدات. من نامەوێت ئاماژەی قسەكان بگوازمەوە بۆ ئەو ھۆكارانە كە گەر بێت و بمانەوێت قسەی لەبارەوە بكەین ئەوا كاتێكی زۆری دەوێت. بەڵام ئەوەی دەكرێت ببێتە وەڵام بۆ پرسیارەكەی ئێوە ھەڵسەنگاندن و بەراوردە لە نێوان چیرۆكە جیهانییەكان و ڕەوت و ھەوڵەكانی چیرۆكنووسانی كوردە لە ئێستادا. چیرۆكی نوێی كوردیی ھیچی كەمتر

نییە لەو چیرۆکانەی لە دنیادا دەنووسرێن و باوەڕیان پێناکرێت، گەر لە رابردوودا چیرۆکنووسانی کورد نەیانتوانیوە لەگەڵ تەوژم و هەوتی چیرۆکدا گەشە بەخۆیان و بەرهەمەکانیان بدەن، بەڵام ئێستادا بەهۆی ئەم نەوە نوێیەوە، چیرۆکی کوردی گەشەی زۆر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە زمانی گۆڕانەوەوە تا دەگاتە بابەت و ماددەی چیرۆك و تەکنیك و کەرەستەی چیرۆکنووسین.. هەموو بنەما و پێوەرەکانی چیرۆکی نوێی تێدایە.
لە ئێستای چیرۆکی کوردیدا ئیشدەکرێت لە بواری جیاوازی مرۆییەکانی وەك بابەتی "دەروونی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دیاردە و ئازار و خەمە گەردوونییەکانی مرۆڤی نوێ" کە ئەمەش بەوردی ئیشی تێداکراوە و هەموو پایەکانی چیرۆکی بەباشی تێدا بەرجەستەکراوە، وەك کەرەستە و زمان و تەکنیك و دروستکردنی کاراکتەر بە فۆرمی ئەمە زەمەنە. چیرۆکنووسانی ئێستا دەکرێت بڕێین شارەزاتر و بەئاگاترن لە چیرۆکنووسانی پێشوو، ئەمەش پشت دەبەستێت بە گەشەی کۆمەڵایەتی وەك کرانەوەی ئەمە بەووی دنیادا و فرەبوونی زمانە جیاوازەکان و خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە هەوتی چیرۆك لە جیهاندا و وەرگۆڕانی چیرۆك و ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکە و ئەو بنەمایانەی لە ئێستادا چیرۆکی پێهەڵدەسەنگێنرێت. بۆیە دەکرێت بڕێین لە ئێستادا چیرۆکی کوردی گەر هاوتەریبیش نەبێت لەگەڵ چیرۆکی نوێی جیهاندا ئەوا قۆناغی باشی بۆیەوە و خاوەن چیرۆك و چیرۆکنووسی ئاگادار و حرفەیین.

گەر بڵێم سەر بەشی دووەمی پرسیارەکە، کێشەی چیرۆکی ئەمە لە چیدایە؟ ئەوەندەی من ئاگادارم لە ئێستادا چیرۆکی زۆر جوان و نایاب بەرهەمهاتووە کە هیچی کەمتر نییە لە چیرۆکە جیهانییەکان و چیرۆکی وڵاتانی دراوسێ، خۆشبەختانە وەك باسمکرد نەوەیەك دروستبووە ئاگاداری و دەیەوێت دنیای چیرۆکی کوردی تەکان بخوات و بۆواتە قۆناغێکی نوێوە، جا ئەم چیرۆکانە لە زمانەوە بیگرە تا دەگاتە تەکنیك و وەگەڕخستنی بابەت و رووداو و کارەکتەر و پەیام و گووتارەکانی چیرۆکی کوردی، تێکڕا شتی جوان و بەپێز دەبینین کە لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدا بەرهەمهێناون. بۆمن ئیشکالییەتێك لە چیرۆکی کوردیدا بەریدەکەوم، کێشەی بابەت و زمانمان هەیە. ئەمە لە زەمەنێکداین زەمەنی تاریکی و تەنیایی و لەنێوچوونی بەشێکی زۆری بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی مرۆڤە، کە پێویستە زمانێکی وردو بەهێزمان هەبێت بۆ گوزارشت و گێڕانەوە و دروستکردنی چیرۆك، کە تێیدا ئەپەیتی زمانی گۆڕانەوە بکەین و خۆمان لادەین لە زمانە سەرگوزشتەیی و پەخشانئامێزەکانی رابردوو، زمانێکی سادەگۆ کە

تێیدا قسەمان بۆکات لەمەڕ ئیشکالییەتی مرۆڤی ئەم زەمەنەوە. ئەمەش دەتوانم بڵێم گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوەی مەبەستمە ئاماژەیەکی کورت بدەم پێی، بابەتی پەیام و ماددەی چیرۆکە، کە پێویستە قوڵتر کاری تێدابکەین. بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بەشەریەتدا هاتووە، هاوکات کێشە و شوناسی گرفتەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە کە دەکرێت وردتر ئەم کێشە و گرفتانە دەرك بکەین و وەگەڕی بخەین بۆ پرسەی بە چیرۆککردن. ئەمەش پشت دەبەستێت بە خێداماڵین لە دەردە گشتییەکان و وردبوونەوە لە کێشە خودی و دەروونی و تاکگەراییەکان، کە مرۆڤی ئیستا پێوەی دەناڵێنێت، هەرچەندە لەم خاڵەشدا چیرۆکی کوردی زۆر بەرەوپێشچووە و لە بڕەودایە، بەڵام بۆئەوەی چیرۆکی ئێمە بچێتە مۆژووی چیرۆکی جیهانییەوە بەبۆای من ئیشکردنی چیرۆکنووسانە لە دروستکردنی زمانی نوێدا و ئەو بابەتانەی کە فۆرمێکی گەردونیان هەیە تەوزیفبکرێن بۆ چیرۆك، نەوەك خولانەوە لەبازنەی کێمەڵك بابەت و کەرەستەی سووادا کە لەمۆژە جیهان و دنیای ئێمەش تێمان پەڕاندووە.

پ/ کێشەکانی ئێستای چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟ بە بەراورد بە چیرۆکی جیهانی ئەو شێواز و تەکنیکە نوێیانە کامانەن کە بۆ نووسینی چیرۆکی نوێی کوردی گونجاون؟ ئایا ئەدەبی کوردی خاوەنی تام و بۆنی چیرۆکی تایبەت بە خۆیەتی؟

بەختیار حەمەسوور، لەدایکبووی سلێمانییە.

ساڵی ٢٠١٠ یەکەم چیرۆکی لە ڕۆژنامەدا بڵاو کردووەتەوە.
ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵەچیرۆکی «مرووڵەکان بەژێر ووناکیی مانگدا دەڕۆن» لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە چاپ و بڵاو کردووەتەوە.
ساڵی ٢٠١٦ لە بیستەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا بەشداری کردووە و خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی وەرگرتووە.
بەختیار حەمەسوور: کێشەی بنەڕەتی ئێستای چیرۆکی کوردی نەبوونی جیهانبینییە، تێروانینەکان لێکاڵین و بە دیدێکی لێکاڵییەوە دەنووسرێن، هەبەت ئەگەر تەماشای چیرۆکی جیهانی بکەین ئەمە جۆرێکی تڕە؛ بۆ نموونە چیرۆکی ووسی، لەگەڵ ئەوەی تێما و بابەتی چیرۆکەکانی گۆگووڵ، چێخۆف، تۆرگنێف و… باس و کەکەڵەی ووداو و شوێن و بەسەرهاتەکانی ووسیایان هەیە و کردوویانن بە چیرۆك، بەڵام جۆری جیهانبینیی ئەوان لە ئاستێکی بەرز و بەرفرەدایە، لە ئاستێکدایە، کاتێك ئێمە لە کوردستان ئەو چیرۆکانە دەخوێنینەوە،

دەبینین بووە بە وەڵامدەرەوە و قسەی ئەمەیش، کێشە و گرفت و خۆشییەکانی خۆمان لەو چیرۆکانەدا دەبینینەوە و دەڵێین: دەڵێی بۆ ئەمە نووسراوە! ئەمە جیاوازییەکی بنەڕەتییە، بە جۆرێك کە زۆر جار ئەو چیرۆکانە لە چیرۆکەکانی خۆمان باشتر لە خۆمان و دنیاکەمان دەدوێن و پێشانمان دەدەن، ئەم جۆرە لە دنیابینیی کەمتر لە چیرۆکی کوردیدا دەبینرێت. شێوازێك کە بۆ چیرۆکی کوردی پێویستە ئەوەیە کە باس و کێشە لۆکاڵی و ناوخۆییەکان بە دیدێکی جیهانییەوە بنووسێتەوە و بەچیرۆکیان بکات، ئەمەیش لە ڕێی فۆرم و تەکنیکێکی ئەمڕۆیی و مۆدێرن، ئاگاداربوون و ئاشنابوون بە ئیمکانییەت و پێشکەوتنە خێرا و بەردەوامەکانی ئەدەبیات، بە تایبەت ئەو گۆڕانە بەرچاوانەی ژانری چیرۆك لە سەرەتاوە تاکو گەیشتووەتە ئەم ئاستەی ئێستا.ئەدەبی کوردی تەنیا بە کردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مرۆڤویی کوردی ناتوانێت ئەدەبێکی لە دەربڕت بە تام و بۆی خۆی، بەکوو ئەوەی گرنگە چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە مرۆڤ و نەریت و ئەمڕۆیی کوردیدا هەن. چیرۆکی کوردی بۆ ئەوەی مۆری خۆی وەك شوناس و ناسنەری کورد لە بدات، پێویستی بە ئاوڵدانەوەیەکی کۆنکرێتییە لە ئایدیا و بیرکە نزیك و دوورەکان، لە مرۆڤ و کارەساتەکانەوە تاکوو ڕووداوە بچووك و ئاساییەکانی دەوروبەر، ئەویش بە شێوەیەکی هونەری و دڵزینەوەی فۆرم و تەکنیکی گونجاو بۆ هەریەك لەو تەما و ڕووداوانە.

پ/ کاتێك باس لە چیرۆکی کوردی پێش ڕاپەڕین دەکرێت، باس لە چیرۆکێك دەکرێت کە زیاتر کێشە گشتیەکان بابەتی سەرەکی بون و گۆڕانەوە تیایاندا، فۆرمێکی گشتی هەبوە، ئایا دەکرێت، بڵێین دوای ڕاپەڕین چیرۆکی کوردی زیاتر باس لە خودو کێشەکانی تاك دەکات و گەڕاوەتەوە بۆ گۆڕانەوەی شتە تایبەت و ووردەکانی تاك لە کەمەڵگادا؟

محمود نەجمەدین لەساڵی 2000 کانەوە چیرۆك دەنووسێ

کەمەڵە چیرۆکێکی چاپکراوی هەیە بەناوی هاوشێوەکانی سەلیم جەودەت. کەمەڵە چیرۆکێکیش بەعەرەبی بڵاوبوەتەوە، ئێستاش هەمان کەمەڵە چیرۆك ئامادەیە بۆ چاپی دووەم. دوو کەمەڵە چیرۆکی دیکەش ئامادەی چاپن ئەوانیش (کەمەڵە چیرۆکی پاسەکەی گورون- کەمەڵە چیرۆکی یاریم لەگەڵ مەکە سەعدوون)
محمود نەجمەدین/ مەرج نییە ئەو پاڵنە قبوڵ بێت، هەندێك چیرۆکی

حوسێن عارف هەیە لە شەستەکاندا نووسیوێتی، ئاستیان ئەوەندە بەرزە، لەوباوەڕدام لەگەڵك لە چیرۆکەکانی دوای راپەڕین ئاستیان بەرزترە، بۆیە زۆرجار زەمەن ناکرێتە پێوەر، ئەوەی دەبێت ببێتە پێوەر ئاستی چیرۆکەکەیە، خۆ ئێستا لەروسیا گەلێك چیرۆکنووسی نوێ هەیە، لە چیخۆف هێشتا تازەیە و بگرە لە زۆرێك لە چیرۆکنووسەکانی ئەم سەردەمە تازەترە، ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە زەمەنی نووسین نییە، تازە و کۆنی لەوەدانییە کە چیرۆکەکەی کەی نووسراوە، بەڵکە ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە ئەو تێکستە شەرت و شرووتی چیرۆکی تێدابێ و رۆك و راست خەسڵەتەکانی چیرۆکی تێدابێ، ئەمە لەم سەردەمە تازەیەدا کە ساڵی 2017یە چیرۆکنووسمان هەیە کە لەسەر ئاستی کوردستان وەك چیرۆکنووسێکی باش ناسراوە، لە هەندێك لە چیرۆکەکانی نەك بە چیرۆکی پێش ڕاپەڕین ناگەنەوە بگرە ئاستیان زۆر نزمە، جا ئەوەی بۆ چیرۆك گرنگە ئەوەیە کە چیرۆکی چیرۆکی هونەری بێ و خەسڵەتی کورتە چیرۆکی لەخۆیدا هەڵگرتبێ، گرێچنی تێدابێ، گێڕانەوە گێڕانەوەی کورتە چیرۆك بێت، لەروداوێك زیاتری تێدا نەبێ. لەدەست پێك تا کۆتایی بە نەمەتی کورتە چیرۆك بڕوات.

هێشتاش گەلێك چیرۆکنووسمانە هەیە پێی وایە ئەگەر چیرۆکەکەی درێژکردەوە بۆ پەنجا یان حەفتا لاپەڕە ئەوە کردوویەتی بە ڕۆمان، لەکاتێکدا خەسڵەتی ڕۆمان و چیرۆك پەویەندی بە کەمو زۆری لاپەڕەوە نییە، بەڵکە پەیوەندی بەو خاڵانەوە هەیە کە هونەری چیرۆکی کورت و ڕۆمانی لەسەر بنیاد نراوە، بۆیە لەکۆن و لە تازەشدا کەمەڵك خاڵ و کەمەڵك مواسەفات هەیە چیرۆکی لەسەر بنیاد دەنرێ، بەنیسبەتی ئەوەی چیرۆکی کوردی روداو و فۆڕمکی گشتی هەیە یان کارکردنە لەسەر خود و گەڕانەوەیە بۆ ناو خود، بۆ ئەوەشیان مەرج نییە، دەشێ چیرۆکی پێش ڕاپەڕین لەگەڵ بەرهەمی دوای ڕاپەڕین لە هەندێك بابەت و دۆسڵدا جیاواز بن، بەتایبەتی کورد لە سەدەی ڕابردوودا لەدۆخی بەرگریدا بووە و لەحاڵەتی شۆڕشدا بووە، ئەمەش وای کردووە هەندێك چیرۆك و بگرە ڕۆمان و شیعریش هەندێکجار بەرگی سیاسەت و شۆڕش و ئایدۆلۆژیایان پۆشیوە. بەڵام بەگشتی چیرۆك گێڕانەوەی مرۆڤە و مرۆڤیش هەمیشە حیکایەتێك، روداوێکی هەیە بۆ گێڕانەوە، جا سەلیقەی چیرۆکنووسەکە بۆیار دەدات ئاستی گێڕانەوە چۆنە و باشە یان خراپ، سەرکەوتووە یاخود نا.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دیزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە

ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گێڕانەوە؟

فەرهاد چۆمانی

لەدایکبووی: ١٩٨٦- چۆمان
تاوەکو ئێستا دوو کتێب: پەنجەکان شتێك دەڵێن- کۆمەڵە چیرۆك- ٢٠١٣
وەرگێڕدراوەتە سەر فارسی و ئەمساڵ لە تاران بلاوکرایەوە.
قیژە- ڕۆمان- ٢٠١٧
وەگێڕان: ڕۆمانی مژاباد- جان دۆست- ٢٠١٦
ژنانی نهێمە بەرزەکان- حەلیم یوسف – ٢٠١٧
٩٩ موورووی پەرشوبڵاو- حەلیم یوسف
نائارامی- زولفو لیقانەلی
فەرهاد چۆمانی: با پرسیار لەم گشتاندن و زۆراندنە دەربهێنین، با سەرەتا وردبینەوە لەوەی داخۆ لە چەند لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی پشتبەستوو بە تیۆرە ئەدەبییەکان بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە؛ نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دۆزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت! من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، کە زیاتر پرسیارێکە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی خوازراو، من پێموایە چیرۆکی کوردی لە ئێستادا هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەم لە تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەدا گەڕانکاری و پێشڤەچوونی باشی بەخۆوە بینیوە، چیرۆکی کوردی لە قالبی حیکایەتخوانی هاتووەتە دەرەوە، زەمەن پارچە پارچە بووە، ڕووداوەکان بە تەکنیکێکی تازە دەچنە پێشەوە. تەما و (بابەت)ی چیرۆکەکان هەم لە ڕووی چنینی ڕووداوەکان هەم لە ڕووی گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانەتر لە ژیار و فەرهەنگ و کۆمەڵایەتییەوە گێڕانکاری باشیان بەسەردا هاتووە. لەگەڵ وەرگێڕانی هەر چیرۆکێکی جیهانیدا کاریگەری و سایەی کردوەتە چیرۆکی هونەری کوردی. ئەگەر پێشان چیرۆکی کوردی کولتوور و فەرهەنگی زمانێك و دوان سەرچاوەی بووبن، ئێستا بەسای وەرگێڕانەوە لە چەندین زمانەوە شێواز و تەکنیك فێردەبین، لە گۆگۆڵ و چیخۆفەوە تا جەیمز جۆیس، چارڵز دیکنز، هەمنگوای و کافکا و مارکیز و موراکامی و کۆ و کۆ هەر چیرۆکە و دەلاقەی دونیایەکی تازەی بەڕووا کردووینەتەوە، بەڵام دەبێ ئیستێك بکەین و بپرسین بەڕاستی هەموو ئەم خەیاڵانە وایکردووە ئاسۆی ڕوانین و دونیابینی چیرۆکنووسانی ئێمەی بەرفراوان کردوە؟ ئایا کرانەوەی دەلاقەکانی دونیا وایکردووە چیرۆکنووسی ئێمە بە تەمای خۆیەوە بەرگی تەکنیکێکی نوێ و جیهانی

بکاته بەر چیرۆکەکانی؟ ئایا بەڕاستی چیرۆکنووسی کورد دوای خوێندنەوەی دەیان چیرۆکی وەرگێردراوی کولتوور و ئەدەبی گەلان پرسیاری لەخۆی کردووە لەکوێی ئەدەبی جیهاندایە و چیرۆکی کوردیش لە کوێی ئەم دونیا پڕ خەیاڵ و داهێنانەدا؟ من پێموایە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە بەو ڕاستیە دەگەین کە هەڵە ڕوویداوە، جارێکە لە "بەهەڵە تێگەیشتن" چونکە هەندێك تەکنیك هەن کاریگەری زمانیان بەسەرەوەیە، کاتێك بە زمانی یەکەمی خۆی دەیخوێنیتەوە تەکنیك "کاڵا بەقەد باڵا"یە بەڵام کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکیتر و هەوڵ دەدرێ "لاسایی" ئەم تەکنیکە، لاساییەکی کوێرانەی بکرێتەوە نابێتە چیرۆك، دەبێتە وێنە. هەڵەیەکیتر ئەوەیە؛ چیرۆکنووسی ئێمە هێندە ئاسان خۆی ڕادەستی تەکنیکی ئەوانیتر، یاخود ئەدەبی وەرگێڕدراو دەکات لەبیری دەچێتەوە تەمای ئەو پێویستی بە تەکنیکی تایبەت بە خۆیشی هەیە. من پێموانیە چیرۆکنووسی کورد زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بێ گرنگ بێت، نەخێر! زۆر جار بیریشی دەچێتەوە ئەو کاڵایەی بێ باڵای تەماکەی دەدووڕێ یان بەبەری تەنگە یان فش. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین پشکەوتنەکان و ئەو گێڕانانەی بەسەر شێواز و ناوەڕۆکی چیرۆکی هونەری کوردیدا هاتوون نادیدەبگرین.

پ/ چیرۆکی کوردی لە ئێستادا لە کوێی چیرۆکی جیهانیدایە؟ ئایا ئەدەبی کوردی خاوەنی تام و بۆنی چیرۆکی تایبەت بەخۆیەتی؟

ئارام شێخ وەسانی…

ساڵی 2012 یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی (سەمای سێبوون) بڵاو کردووەتەوە،
هەمان ساڵ خەڵاتی لاوی ساڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بواری ڕۆمان وەرگرتووە.
– ساڵی 2013 بۆ چیرۆکی (دەزگیرانی گوڵستان) لە ڤیستیڤاڵی هەتاو بۆ ئەدەبی گەنجان خەڵاتی دووەمی چیرۆکی وەرگرتووە.
– ساڵی 2014 بۆ چیرۆکی (زمانی دیوار) خەڵاتی یەکەمی ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی بۆ بواری چیرۆك وەرگرتووە.
– ساڵی 2014 ڕۆمانی (خەوتوو) لە خانەی ئەربیل، چاپ و بڵاو کردووەتەوە
– ساڵی 2016 ڕۆمانی (مەرگی مێژوونووس)ی، لە ناوەندی ئاوێر بە چاپ گەیاندووە.
– چەندین چیرۆك و وتاری ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو

کردووەتەوە.
ئارام شێخ وەسانی/ ئەدەبی کوردی لە جووڵەدایە. هەنگاوەکان ئەگەرچی درەنگوەختیش بن، بەڵام بە کەوتنە سەرپێ باش و گرنگن. تێ بوانە ئەمە تا ئێستا مارسێل پێستمان نەخوێندۆتەوە، تازە خەریکە دەکرێتە کوردی، دەیان بەرهەمی گرنگی دیکە، کە بناغەی گەشەسەندن و پایەی گەورەی ئەدەبین، تازە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. نەوەی دوای ئاپەرین، کەمتر زمانی دووەم دەزانێت، بۆیە ئێستە بە وەرگێڕانی ئەو تێکستە بە ناوبانگانە، شاگەشکە دەبێت.
بەم هۆیەوە تا ئادەیەك لە ڕۆگەی وەرگێڕانەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەکەی ئەدەبی جیهاندا دروست کردووە. ئەگەرچی تا ئادەیەکی باش لە نووسەرانی سەردەم دابڕاوین، ئەمە ئێستە خەریکی ئاشنابوونین بە نووسەرانی ساڵانی بیست و پەنجا و حەفتا، زۆر بە کەمی ئێش لەسەر بەرهەمی نووسەرانی ساڵانی دوای نەوەد و دووهەزار دەکرێت، وەك ئەوەیش ئەو شەپۆلە گرنگ و گەورەیەی وەرگێڕان وای کردووە، لە ئاستی چیرۆك و ڕۆمان و ئەدەبی خەمان تێبگەین. ئەمە کاتێك ڕۆمانێك یان چیرۆکێکی بیانی دەخوێنینەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەدەر لە ویست، ناخمان دەکەوێتە بەردەم بەراوردکاری ئەدەبی خەمانی و ئەدەبی بیانی. ئەم بەراوردکارییە، ئەکادیمیانە نییە، جارێکە لە چاژی خوێندنەوە. لە چەندین جومگەوە دەتوانرێت ئەدەبی کوردی بناسرێتەوە، بەتایبەت لە بابەتدا، کە نووسەر بەگشتی ناکرێت هەبێت لەو دۆخەی لە دەوروبەریەتی، بابەتی گرانەوە و چیرۆك بەگشتی، پێوەندیان بە دۆخی ژیان و تایبەتمەندی شوێن و خەڵکەوە هەیە. بگومان لە خاڵی مرۆڤبوون و کێشە ئینتەلێجیەکاندا هەموومان لەیەك دەچین، هەروەها هەمووشمان مافی ئەوەمان هەیە بە زمان و تێگەیشتنی خەمان باس لەو کێشانە بکەین، بەڵام بەهۆی کەمەلەك هەڵکەوتەی جیاوازەوە بەرکەوتنمان بە دیواری ژیان جیاوازە، لێرەدا دەتوانین چیرۆك و گرانەوەی کوردی بناسینەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە سەر چیرۆکی جیهانی، بەپێی شوێن و زەمەن گرانکاری بەسەردا هاتووە. شێواز و بابەتی سەردەمی جەنگی جیهانی، جیاوازە لە سەردەمی دوای جەنگ، دۆخی کەمەڵایەتی ئەمریکییەکان جیاوازە لە هیی ڕووسەکان، واتا لە ڕۆگەی کات و زەمەن و هەندێ تایبەتمەندی دیکەوە، دەکرێ ئەدەبی خەمان بناسینەوە پێناسەی بکەین.

پ/ زۆرجار باس لەوە دەکرێت نوسینی چیرۆك مەشقە بۆ نوسینی ڕۆمان، یان پشووە لە نێوان نوسینی ڕۆمانێك بۆ ڕۆمانێکی تر، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا ئەوەی چیرۆك دەنوسێت دەتوانێت ڕۆمانیش

بنوسێت، یان بە پێچەوانەوە؟
سوارە نەجمەدین/ نووسینی هەر ژانرێك سەربەخۆی خۆی هەیە، پەیوەندی نێوان ڕۆمان و شیعر چۆنە، پەیوەندی نێوان چیرۆك و ڕۆمانیش بە هەمان شێوە، نووسینی چیرۆك و ڕۆمان وەك ئەوە نییە یەكێك شیعری كورت بنووسێت و چامە(قەصیدە)ش بنووسێت، چیرۆك بەشكی كورتی ڕۆمان نییە، بەڵكو ژانرێكی سەربەخۆیە. ئەو بڕچوونەی دەڵێت چیرۆك مەشقە بۆ ڕۆمان، یان ئەو نووسەرانەی پەیڕەوی ئەو وتەیە دەكەن، زیان بە كردەی نووسینی چیرۆك و ڕۆمانیش دەگەیەنن، بە گشتی نووسین هەر جۆرێك بێت بۆ خۆی مەشقە، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بێت، یان پەخشان، شیعربێت یان چیرۆك، ڕۆمان بێت یان داستان، تێكڕایان مەشقن بۆ ئەو دەقەی لە كۆتایدا دەتەوێت بینووسیت، ئەو دەقەی هەنگە دەقی تەمەن بێت.

لە پرسیارەكەتدا ئەوە بەدیدەكرێت، كە بڕچونێك هەیە لای وایە ژانەری چیرۆك لە ئاستی ژانەری ڕۆماندا نییە، یان بە ڕوونتر چیرۆك ژانرێكی بچوك و ئاسانە و ڕۆمان هونەرێكی باڵایە! بەكارهێنانی دەستەواژەی (مەشق) و (پشوو) بە كەم تەماشاكردنی چیرۆكە، لای من ئەمە وانییە، چیرۆك هیچی كەمتر نییە لە ڕۆمان و شیعر، بە پێچەوانەوە وای دەبینم چیرۆك هونەرێكی ئەستەمترە، لە چیرۆكدا مەودایەكی كەمترت لە بەردەمدایە و ڕەگەزگەلێكی زۆریش تا جێگای بكەیتەوە، دەق وەك ئەوەی پارچە زەوییەكی بیست مەتری بخەیتە بەردەست ئەندازیارێك تا خانوویەكی تەواوی لەسەر دروست بكات، دەبێت ژووری میوان و چێشتخانە و ژووری نووستن و تەوالێت و حەمام و تەنانەت باخچەشی تیادا جێگا بكاتەوە، بەڵام ڕۆمان هونەری ئەندازیارەكەیە لەسەر پارچە زەوییەكی فراوان، جا باڵەخانە یان كۆشكێكی تیادا بونیاد بنێت، ئەكەوێتەوە سەر هونەری ئەندازیارەكە، بە چواندنێكی تر چیرۆك هونەری كاتژمێری دەستییە، لێ ڕۆمان هونەری چێكردنی ئۆتۆمبێلێكە، لە سنوری كاتژمێرێكی دەستیدا جێگای ژمارە و مەكینە و پیل و پیم زەرجار ڕۆژمێر دەكرێتەوە، لێ لە دروستكردنی ئۆتۆمبێلدا ئەو مەودا كەمە نییە.

ئەو ئەندازیارەی لەسەر زەویەكی بیست مەتری بتوانێت بینایەك بونیاد بنێت، ئەگەری زۆرە بتوانێت لەسەر زەویەكی چەند یاردیش باڵەخانەیەك دروست بكات، بەڵام ئەوەی كاتژمێری دەستی دروست دەكات، ئەستەمە بتوانێت ئۆتۆمبێلیش دروست بكات، بۆیە بە هەمان شێوە وەك ئەندازیاری بیناسازیەكە نووسەر هەنگە بتوانێت چیرۆك و ڕۆمانیش بنووسێت، یان وەك ئەندازیارە میكانییكییەكە نەتوانێت لە

چیرۆك و ڕۆماندا کار بکات.

پ/ ئەو گۆڤانە بەرچاوانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە چیرۆکی کوردیدا ڕوياندواوە چین؟ لە چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە ئا ئەمڕۆ. هەم لە ڕووی تێکست و تەماو ماناوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و گۆڤانەوەوە؟

جوتیار ئەحمەد/ ئەتوانین بڵێین جەمیل سائیب لە چیرۆکی لە خەومادا زۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، سەردەمێك کە بەڵای ئەو وە بەڵای مۆژوونوسانیش پێبووە لە زوڵمی شێخ محمود کە مەلیکی یەکەمین دەوڵەتی کوردی بووە. سەردمیك کە لەهەمان سەردەمی ئێستا ئەچێت بەڵام زەمن و کارەکتەرەکان جیاوازن. لەخەومای جمیل سائیب لێدانە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەمە وەك تەما ومانا، کە بە هەمان شێوە لە ساڵانی ١٩٧٠ وە بە تەکنیکێکی سادەی بە یاساو ڕێسای ئەدەب داڕژراو چیرۆکی کوردی بەردەوام ئەبێت، لە شێوەی ئەدبی بەرگری لێدان لە دۆخی کۆمەڵایەتی، بەڵام تەمای ئەمجارە دەستەلاتی ڕژێمی داپڕسنەری عراقیە، ئەمەش زۆرجار ئیشکردن بووە بە کێدو مجاز. بەڵام ئەوەی چیرۆکی دوای ڕاپەڕین لەو سەردەمە جیا ئەکاتەوە، دۆخی کافکایی و ئیشکردنە لەسەر دەرونی ئینسانی کورد وەك تاکێك کە خۆی ئەناسێتو خاوەنی خۆیەتی، بۆنمونە ئەگەر باسی دۆخە کۆمەڵایەتیەکە بکەین تا ساڵانی ١٩٩٧ چیرۆکی کوردی باشور لێدان بووە لە دۆخی کۆمەڵایەتی و باوك سالاری. لێدان و ڕخنەی دۆخی سیاسی تەنها لە وتاردا بەدی ئەکرا لەبواری چیرۆکدا زۆر بەدگمەن بەدی ئەکرێت، تا ئەوکاتەی شەری کورد بەدەستی کورد ئەگاتە لوتکەو ئینسانی کورد هەست بە وێرانبوونی ناخی خۆی ئەکات، بۆنمونە ئەگەر سەیری شۆرزاد حەسەن بکەین بەدەست پیاو سالاریەوە گیرۆدەیە ڕاستە ڕەچەتە دەرونی ئینسانەکانەوە بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو نێر سالاریە.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، کە هێندەی خوێنەری ڕۆمان هەیە هێندە خوێنەری چیرۆك نییە، ئەم بۆ چونە تا چەند ڕاستە، ئەگەر ڕاستە هۆکاری ئەوە چییە؟

گۆران ڕەئووف: بۆ ئەم تۆماركردنە ئامار و داتایەکی وردلەبەردەستدانییە، کە خوێنەری ڕۆمان زۆرترە لە خوێنەری چیرۆك؟ بەڵام ئەوەی دەبینرێت و هەستیپێدەکرێت، بۆگومان ئەو ڕوانینە دروست دەبێت کە خوێنەری ڕۆمان زیاترە و لە ئێستادا پتر چاوی خوێنەر لەسەر چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکانە. بە بۆای من ئەمەش چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە و هەریەك لەم هۆکارانەی دەمەوێت

ئاماژەیەکی کورتیان پێبدەم، سەرچاوەن بۆ بەربڵاوی و گەشەی خوێنەری ڕۆمان بە بەراورد بە چیرۆك و ژانەرەکانی تریش. یەکێك لەو هۆکارانە هۆکاری مۆژوویین.. یان مۆژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم و دوو ژانەرەیە لە دنیادا و بەتایبەت لە کوردستاندا. مۆژووی ڕۆمانی کوردی و سەرهەڵدانی بۆ خوێنەر بە بەراورد بە چیرۆك، مۆژوویەکی پتەوتر و بەهێزتری هەیە و وەك دیاردەیەکی تازە خۆی بەیانکردووە لە خەیاڵی خوێنەری کوردیدا، هەربۆیە لەناوخۆیدا خاوەن گووتار و پەیامی بەهێزترە بە بەراورد بە چیرۆك. یەکێکی تر لە هۆکارەکان، هۆکاری پەروەردەییە، "پەروەردەی خوێنەر" ئەمەیش لە دو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە و کاری زۆری بۆ کراوە. یەکەمیان بایەخی ئەدیبانی کوردە بە ڕۆمان و وردئیشکردنیانە لەو ژانەرەدا، کە بەبۆای من ئەمەش بۆ کارامەیی و توانای ڕۆماننوسانی کورد دەگەڕێتەوە. ئاستی دووەم بایەخی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە کە جیا لەهەموو ژانەر و بابەتەکانی تر، تیشکێکی تایبەتیان لەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان داناوە، وەك ئیشی ڕۆماننوسە ناوخۆییەکان و وەرگێڕانی ڕۆمانە جیهانییەکان، ئەم دوو هۆکارە وایکردووە جۆرێك لە پەروەردەی خوێندنەوە دروست بێت بۆ ڕۆمان و ڕۆمان لە خەیاڵدانی خوێنەری کوردیدا ببێتە شتێکی مەزنتر و باڵاتر لەئاست ژانەرەکانی تردا! ئەم دو ئاستەی باسمکرد پێچەوانەکەی بۆ دنیای چیرۆکیش ڕاستە. یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە مەبەستمە لەبارەوەی بدوێم پەیوەندی بە چیژ و فراوانی مەودای کارکردنەوە هەیە، کە دەکرێت ناوی بەرین بە "هۆکاری بابەتی" لە ڕۆماندا زیاتر لە چەندین کاراکتەر و چەندین ڕووداو چەندین بابەت، بوونی هەیە و نووسەر دەستکراوەترە کە خوێنەر پەلکێش و مەحکوم بە خوێندەوە بکات، بەڵام لە چیرۆکدا تۆ دەتوانیت بابەتێك یان ماددەیەك وەگەڕبخەیت بۆ پرسەی چیرۆکاندن. ئەم بابەتەیش لەنێو چەند کارەکتەرێك و ڕووداوێك یان زیاتردا ئیش دەکات. دنیای ڕۆمان دنیایەکی فراوانترە و چەقبەستوو نییە لە بابەتێکی خودی یان بابەتێکی گشتیدا، بەڵکو ئیشکردنە لە کێی کێشە فەلسەفی و ژیاری و مۆژووییی و چەمکە بنەڕەتیی و وجوودییەکانی مرۆڤایەتی. لەکاتێکدا ئەم مەودا فراوانە لە چیرۆکدا نییە و پتر کارکردنە لە نێو دەروون و بابەتە خودییەکانی مرۆڤدا.

یەکێکی لە هۆکارەکان کە وایکردووە ڕۆمان زۆرترین خوێنەری هەبێت بەراورد بە چیرۆك و ژانەرەکانی تر هۆکاری پێکهاتە و میمارێی مۆشکی مرۆڤە، کەدەکرێت ناوی بەرین بە "هۆکاری سروشتی خوێنەر" ڕەنگە لە مۆژووی هەر خوێنەرێکدا کە خوێنەری ڕۆمان و چیرۆکە، بە سەدان ڕۆمان و چیرۆکی خوێندبێتەوە، بەڵام دواجار ئەوەی لە ئەندێشە و

هزریدا دەمێنێتەوە رووداو و بابەت و کارەکتەر و هتد.. ڕۆمانەکانە نەوەك چیرۆکەکان، ئەوەی کە دەتوانێت کاریگەری بەهێزتر و مەحکەمتر دابنێت لە هەست و نەستی خوێنەر ڕۆمانەکانە، نەوەك چیرۆکەکان. کە دیسانەوە هێی ئەمەش ێیشەی لە مەودای کارکردن و سروشتی کارکردنی ئەو دوو بوارەدا هەیە.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نووسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەرۆکی تێکستەکەی بێ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێ و دێزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تەکنیکێکی نوێ و بەهێزە بێ گێڕانەوە؟

بەختیار حەمەسوور: سەبارەت بە مەسەلەی ناوەرۆك لەگەڵ تەکنیك و شێواز(فۆرم) لە چیرۆکدا، بە گشتی دەبێت باس لەوە بکەین کە هیچ بەیارێکی پێشوەختە بۆ چیرۆکنووس نییە کە فەرز بکات چیرۆکێکی ناوەرۆکخواز، چیرۆکێکی تەکنیکخواز یان فۆرمیك بنووسێت، بەڵکوو ئەوە تەمای چیرۆکە ئەم ئەمرە دەسەپێنێت، تەمایە کە تەکنیك و فۆرمی تایبەت بە خۆی فەرز و داوا دەکات. هەر چیرۆکێکی سەرکەوتوو کە لە مێژووی دوورونزیکی ئەم ژانرەدا نووسراوە و دەنووسرێت، بە دڵنیاییەوە لەم ڕێسا و یاسایەدا هەڵدەسووڕێت. هەر جیاکردنەوە و دابڕکردنێك لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا کارێکی نادروست و میکانیکی لێ دەر دێت، کارێك کە ناتوانێت درێژە و بەردەوامی بەو ئیمکان و ئەگەرە بدات کە ناوی داهێنان و نەمرییە. چیرۆکنووسی سەرکەوتوو هیچ کات بیر لەوە ناکاتەوە بە پێوەر و قاڵبی ئامادە و سازکراو چیرۆك بنووسێت، دەتوانین بڵێین هەر چیرۆکێکی هونەریی کە دەنووسرێت لە دەرەوەی پێوەر و قاڵبە پێشوەخت سازکراوەکان دەنووسرێت، بە ژمارەی ئەو چیرۆکە سەرکەوتوانەی هەن ئەمە پێوەر و قاڵبمان هەیە، چیرۆکی هونەریی و جیاواز بەردەوام چاوی لەوەیە خیانەت بەو پێوەر و قاڵبانە بکات و پێوەر و قاڵبی تایبەت و دیاریکراو بە خۆی ساز بکات. لێرەوە دەتوانین وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەینەوە و بڵێین: چیرۆکی کوردی لە ململانێی شکست و داهێناندا بووە و هەیە، بەڵام لەم بەستێنەدا تای شکستی قورستر بووە، ئەویش بە ئاوەڵدانەوە و سوودوەرگرتنی بەردەوامی لە سوننەتێکی چیرۆکنووسی، کە نەتوان و دەستەوسان بووە لە هاوسەنگی نێوان تەکنیك و فۆرم لە لایەك و ناوەرۆك لە لایەکی تر. چیرۆکی کوردی لە قۆناغێکدا زیادتر ڕووی لە شێوازێك لە چیرۆکی ناوەرۆکخواز کردووە و بەمەیش بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە خزمەت

ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانەوە، لە قۆناغێکی تریشدا ئاوێی داوەتەوە لە تەکنیك و فۆرمە جیهانییەکان، بەڵام نەیتوانیوە وەك پێویست و بە شێوەیەکی قەتعی تەکنیك و فۆرمەکان بکاتە بە بەر ناوەڕۆك و لە هەناو یەکدا بیانتوێنێتەوە. هەبەت لەم ڕەوتەدا و بەتایبەت لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، هەوڵ و بەردەوامی هەن، هەرچەند وەك پێویست بەرچاو و زۆر نین، بەڵام حاشا لێ نەکراون، کە بۆ خولقاندنی چیرۆکێکی ئەمڕۆیی و مۆدێرن دەکۆشن و سوود لە دەرەتان و ئیمکانە جیهانییەکان بە شێوەیەکی دروست وەردەگرن.

پ/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، نوسەری چیرۆکی کوردی زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی تێکستەکەی بۆ گرنگە تا تەکنیك و کەمتر بەلای تەکنیکی نوێو دێزینەوەی شێوازی جیای گێڕانەوەدا دەگەڕێت، تا چەند ئەم بۆچونە ڕاستە، ئایا چیرۆکی ئێستای کوردی خاوەنی تکنیکێکی نوێ و بەهێزە بۆ گێڕانەوە؟

مەحمود نەجمەدین/ بۆ چیرۆك بیرکە زۆر گرنگە، بەدڵنیاییەوە، چون بیرکە ئەساسی کارەکەیە، کە چیرۆکنووسەکە وەك کەرەسەیەکی خاو مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ئەو بیرکەیە تەحویل دەکەیت بۆ چیرۆك، لەرەوە گرنگی ئیشەکە و سەرکەوتنی دیاری دەکرێت. بۆ نموونە چیرۆکنووسە دەتوانێ لە بابەتێك، یان بیرکەیەکی زۆر سادە و بچووك چیرۆکێکی جوانی لێ دەخولقێ، بۆیە بیرکە گرنگە لەوەش گرنگ تر بۆ ئەوەی بیرکەکەت نەمرێ چۆنێتی گێڕانەوە و شێوازی گێڕانەوەکە گرنگە، کە چیرۆکنووس بتوانێ بەشێوازێك بگێڕێتەوە سەرسام کەر بێ بۆ خۆنەر، خۆنەر چاوەڕوانی ئەو شێوازە نەبێ و وەك شتێکی بەری بکەوێت و تەقلیدی نەبێ، ئێستا لەدنیادا ئەوە زۆر گرنگە و کاری پێدەکرێ، بۆ نموونە چیرۆکنووس هەیە بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە شێواز و تەکنیکی تازە بدۆزێتەوە، هەبەت نموونە زۆرن لەسەر ئەو شێواز و تەکنیکانەی کە هەیە. لێ تێ منت بە پابەند کردووە بە یەك تا دوو ئەی فۆرمبەندەوە. لە چیرۆکنووسەکانی ئێستاش چیرۆکنووسی زۆرباشمان هەیە، هەندێك لەو چیرۆکنووسانەمان گرنگی زۆر بە تەکنیك و شێوازی نوێی گێڕانەوە دەدەن، وە نەبێ ئێمە لەبوارەدا کەم بین، چیرۆکی زۆر جوان و ئاست بەرزمان هەیە، کە

بەتەکنیکی نوێ دەنووسرێن، بەڵام دەشێ کەم بن، چون هەر بەگشتی نێوەندی ئەدەبی کوردی زۆر ئاوێی لە چیرۆك نەداوەتەوە و تەنانەت بۆ دەزگا و ناوەندەکانی چاپەمەنیش چیرۆك زۆر گرنگ نییە، وەکو ئەوەی ئەوان ئێرهان پامۆك بن و ئەوان بۆیار دەدەن کە چیرۆك هەبێ

یان ڕۆمان؟!. بەداخەوە هێشتا چیرۆك و ڕۆمان و ئەدەب بەگشتی لەدەستێکی ئەمیندا نییە و هەندێك لەوانەی بۆیار لەسەر چیرۆك دەدەن هیچ لەچیرۆك نازانن و هێشتا شارەزای تەکنیکی چیرۆك نین، کەچی بەوەشەوە ناوەستن بۆیار لەسەر چیرۆکی کوردی دەدن، بەداخەوە لە نەوەی کۆندا یان باشتر بڵێم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی شەسەکان ئێمە چیرۆکنووسێکی وەکو حوسێن عارفمان هەیە کە دەیان وتار و مەقالەی لەسەر شێواز و تەکنیکی چیرۆك هەیە، واتە نە لەخۆیەوە چیرۆك دەنووسێ و نە لەخۆیەوە چیرۆکی خەڵك ڕەفز دەکات. قسە زۆر بۆ ژانرێکی وەکو چیرۆك کە زۆرترین غەدری لێکراوە، بەڵام با بمێنێ بۆ دەرفەتێکی تر، چون خۆشم نیازم هەیە زنجیرەیەك وتار لەو بارەیەوە بنووسم هەبەت ئەگەر سەرقاڵم بەچیرۆکنووسین و کاری ڕۆژنامە گەرییەوە بوار بدات.

پ/ بە بەراورد بە چیرۆکی جیهانی ئەو شێوازو تەکنیکە نوێیانە کامانەن کە بۆ نوسینی چیرۆکی نوێی کوردی گونجاون؟ یان بە جۆرێکی دیکە کێشەکانی ئێستای چیرۆکی ئێمە لە چیدایە؟

فەرهاد چۆمانی: پێموایە لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا بە جۆرێك وەڵامی یەم پرسیارەشم داوەتەوە بەڵام با وردتر بڵێم؛ لەسەرەتاوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم فۆرم بکرێتە بۆتەیەك و ئەگەر چیرۆك نەچێتە نێو ئەو قاڵب و کێشەیەوە چیرۆك نەبێت. من ناتوانم شێواز و تەکنیکێك دەستنیشان بکەم و بڵێم ئەمەیان گونجاوە! ئەمە کاری نەکردەیە. هەندێك بنەمای سەرەکی بۆ چیرۆك هەن ئەگەر چیرۆکێك ئەم بنەمایانەی تێدابن، ئیدی پێویست ناکات چیرۆك چیرۆك مەحکووم بکەین بە تەکنیکێکەوە. بەڵام دیسان دەڵێمەوە خوێندنەوەی ئەدەبی گەلان هەوێنێکی بۆ هاوتایە بۆ ئەوەی بتوانێ ناخودئاگا چیرۆك لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێشبخات.
هەنگە هەخنەگرانی چیرۆکی هونەری کوردی وەڵامێکی باشتریان پێبێ بۆ ئەوەی دەستنیشانی کێشەکانی چیرۆکی کوردی بکەن، بەڵام من دەتوانم بڵێم چیرۆك وەك شیعر هەوڵ دەدات پەیامێکی کورت و بچووك و سنووردار بگەیەنێت، بگرە گوزارشت لە دڵخی دەروونی ئەوساتەی چیرۆکنووس دەکات کە تێیدا نووسیویەتی. یەکێك لە کێشەکانیش کە بووەتە مارانەی چیرۆکی هونەری کوردی ئەوەیە؛ چیرۆکنووس پێیوایە گەیشتن بە نووسینی چیرۆکێك کە بە پێودانگی ئەدەبی جیهانی و تەکمەبێت ئەوەیە ئەو ئاڵەمێنت و فەزایە بۆ چیرۆك دروستبکرێت کە بۆنمووونە لە چیرۆکێکی هێمنگوایدا هەیە. تۆ چ باسی دەریا و نەورەس دەکەیت کە سنووری کوردستانی گەورەت ناگات بە دەریا و

ووداوەکانیشت لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان ڕوو دەدات؟ چ باسی قیتار و بونیادی شارێکی پێشکەوتوو دەکەیت کە خۆی شارسازی لای ئێمە لە ژێر پرسیار و گومانداید. مەبەستمە بڕۆم زەرجار چیرۆکی خەیاڵکردی وا دەنووسرێ کە ناکرێ ئەمە تەمای چیرۆك بێت، دەکرێ بە شیعرێك، پەخشانێك باشتر گوزارشت لە ویستی ئەم دەربڕینە بکرێت.

پ/ زەر جار باس لەوە دەکرێت، کە هێندەی خوێنەری ڕۆمان هەیە هێندە خوێنەری چیرۆك نییە، ئەم بۆچونە تا چەند ڕاستە، ئەگەر ڕاستە هۆکاری ئەوە چییە؟ لاوازی بابەت و ناوەڕۆکە یان کێشەکە لە تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەدایە؟

ئارام شێخ وەسانی/ جارێك پێش هەمووشتێ، با هاوکێشەکە بە هاوسەنگی سەیر بکەین. ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی لە بڕەوی بەردەوام دایە. ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ڕێگەوی گێڕانەوەدا، ئەدیبان لە جیهاندا داهێنان و نوێخوازی دەکەن، هەبەت ئەمەیش پێوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، وەك گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو خەمەکانی و زیاتر نامۆبوونی لەبەردەم ڕۆچوون بە ناو تەکنەلۆژیادا، دڵزینەوەی وێنەکانی خەیاڵ و بەرکەوتن بە چۆڕی نهێنی، ئەوە جگە لە فراوانی ڕووبەری ئەو ژانرە و دەربڕینی هەموو شتەکان بۆ هەمووان بە ڕەوانبێژیی و چێژکی یەکتری، ئەمیش وای کردووە، کە هەموو ئەوانەی خوێنەرن، زوو یان درەنگ بەر ژانری ئەدەبی گێڕانەوە بکەون.
هەر یەك لە چیرۆك یاخود ڕۆمان شتێکی هێندە لێك جیاواز نین تاکوو بڵێن بڕۆن ئەمە خوێنەری زۆرە و ئەمە خوێنەری کەمە، نا هەردووکیان ئیشکردنن لەناو پانتایی گێڕانەوەدا، هەردووکیان پێویستیان بە زمانێك هەیە کە سەبەر بخاتە سەر پێکهاتەکانی گێڕانەوە و لای خوێنەر شتێك دروست بکات، یان جۆبەڕۆت و ئیستاتیکا وەك تیشکێك بخزێتە دەرونەوە . وەك زۆر لێکۆڵەر و شارەزا و چێژکنووس، منیش پێم وایە نووسینی چیرۆك زەحمەتترە لە ڕۆمان، ئەمەیش لەبەر چەندین هۆکار، کە دیارترینیان ئەوەیە، لە چیرۆکدا نووسەر دەبێ ئەوەندە شارەزا و زاڵ بێت، کە بتوانێت، زۆرترین مانا و تەکنیك و یاریپەکانی گێڕانەوە لە کەمترین پانتایی ئەنجام بدات. ئیتر ئەوە ڕوونە، ئەگەر کەسێك ئەو توانایەی نەبێت و دەست بکات بە چیرۆکنووسین، ئەوا دیارە چیرۆکەکەی دەبێتە گێڕانەوەیەکی سادەی وەك حیکایەتی بەر ئاگردان. وەك ئەوەی سەرنجم داوە، پاش ئەوەی ڕۆمان وەك ژانرێکی نوێی ئەدەبی، پێگەی خۆی گرت و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشە بەردەوامە، زاڵبوونی ئەم ژانرە، بە ڕوونی بینرا. ئەم دۆخە لە زۆرینەی دونیا هاوشێوەیە، یان لێك نزیکە، واتا بەگشتی

دەنگدانەوە، ێیکلامی ئەدەبی، دەزگەکانی چاپ و پەخش و دامەزراوە ئەدەبییەکان و تەنانەت خوێندنی ئەکادیمیش، زیاتر باوەشی بۆ ڕۆمان کردووەتەوە وەك لە چیرۆك، بۆگومان ئەوەیش کاریگەری دەبێت لە ئاراستەکردنی خوێنەر بۆ ژانری ڕۆمان. وەك چۆن دەبینین، ئێستە لە کوردستان هەتا کەمەڵە چیرۆکێکی بیانی وەردەگێڕدرێت، بە دەیان ڕۆمان وەردەگێڕدرێت، ئەمە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، زاڵکردن و بانگەوازکردنە، بۆ ڕۆمان لەبەرانبەر ژانرەکانی دیکە…

ێیفراندم لێ جێرگێی دیبـاتی چینـایێتی دا! … 1 … سامـان کێریم

وێنامێک بۆ هاوێی خەسرەو سایێ……..

بەشی یەکەم……..

هاوێ خەسرەو سایێ، پێدچێت وا حالی بوبێت کە من ڕۆگرم لێ بڕدەم ێیفراندەمدا. بەهەرحاڵ ئیتر چارێک نەما وپێویستێ وێنامێک وەربگرێتەوە. نوسینی پێشوی من کە پێی وایێ وێنامیکێ بوو، وانیەو وێنامێکێ بۆ بچوون و ڕوانگەو میسدێکی بیرکردنەوە کە زاڵێ بەسەر بزوتنەوەو حزبەکانیدا، پاشان نوسەرانی بزوتنەوەکەمان، ژمارێیان هەجگار کەمێ بایێ وەک هاوێی خەسرەو دەڵێت "شۆبح" نین هەموومان 5-7کەس دەبین لێ ئابووری حزبەکاندا کە دەنوسین ، لەوێ زیاتر هەندی بۆگێی ئەو هاوێیانە خراوەتە گیوماوەو ڕۆشنێ کە هی شۆبح نیەو هی ڕابووانی سێ حزبن. بەڕاستی من کەشەم بەتەنها لێ گێڕ خەسرەو نیە وێ باسی من باسی بزوتنەوەو حزبەکانیەتی، ئۆگەر هاوێی خەسرەو ناچاری نەکردمایێ ئەوێ هەر پێویست نەبوو ئەم وڵامێ بدەمەوە. کە زۆر هات قەوارێ بەتاڵ، بەتایبەت ئەوێ دوو جارێ، بێ بناغێ و پێ پایێ هاوێیەکی خێ تەمەتبار و تاوانبار دەکات و بەوەش ناوێستێت دادگای دەکات و بەوەش ناوێستێ حوکمی " ناحزبی" بوون و تێکدانی ێیزی بزوتنەوەکێ بێ دەردەکات و بەاویشی دەکاتەوێ بێ ئەوێ

"سامان کەریم ی تاوانبار" ئاگادار بێت!!!. بەراستی لەمبارەوە هاوەی خەسرەو عەجایب پرینسیب شکێنە، بە ئاستێک توشی هەستریک و تووبوون بوو داویەتی بە بنی هەموو پرنسیب و ئسوولێ حزبیەکان و بەندەکانی بەرنامەدا لە پێیوەند بە " مافەکانی تاوانبارەوە" و تەنانەت کار گەیشتوە بەوەی کاری نیوخەیی مەکتەب سیاسی حزبەکی هاوچارەنوسی ئاشکرا بکات. لەنوسینی پێشوودا کە نوسیبوم " هاوەی خەسرەو بەرژەوەندی خوازە... بەلام مادام دەی پێخێشە وەلامی نادەمەوە" ئەو گاڵتەی پێ هاتوە. بەیە لەم نوسینەدا وەڵامیکی بە هەحمانەی دەدەمەوە، بە هەمان شیوازی لینین لە هەڵگرتندا، بەرانبەر هاوەکانی.

هاوەی خەسرەو کەسپێکی گەورەی هەیە و ئەو کەسپەی وای لێکردوە کە سەبری نەمابێت و بە ڕاست و چەپدا سامان دەهێنێت و دەبا وهاوار دەکات و دەڵێی " لەجیاتی ئەوەی وەڵامێک بەو دەیان سەرنج و پرسیارانە بداتەوە کە لە وتارەکەدا هەبرووت کراوەتەوە" ئەم ڕستەیە بە چەندین شیواز دوبارە دەبێتەوە لە نوسینەکەیدا . ئەوە کەسپی خەسرەو خەیاتی کە پێی وایە ئەو دەبێت گەڵپانی دیباتەکە دیاریبکات. دیباتی سیاسی و فکری لە پێیوەند بە کەمەلگاوە مانای هەیە، باسی گەرمی ئێستای کەمەلگای کوردوستان نە سامان کەریم و مەشکی ئەو و "زگزاک لەدانی" ئەوە وە نە ئالەزییەکانی بیرکردنەوەی خەسرەو. باسەکە کەمەلایەتی تر وە گەورەتر لە من و خەسرەوو حزبەکانمان و بزوتنەوەکەشمان. خەسرەو لەمە تێناگات و پێی وایە ئەگەر سامان کەریم وەلامی ئەوە بداتەوە کە بە جیاوازی هەیە لە بوچونەکانیدا لە ساڵە ٢٠١٤ جارەکە وە لە ساڵی ٢٠١٧ دا جارەکی دیکەیە، ئەوە ئیتر باسەکە چارەسەر دەبێت و کەسپەک نامێنیت. یان پێی وایە سامان کەریم بە دژی حزبەکەی بیر دەکاتەوە و ناحزبیە، ئەگەر وەلامەک بەمە بداتەوە ئیتر موشکلێ نامێنیت. ئازیزی من ئەوانە باس نین. گریمان هەڵخەڵکانی تە لە سامان کەریم هەموی دروستێ . دیسان باسی سەرەکی کەمەلگا کە خەسرەو ناتوانێت وەلامی بداتەوە، لە شوێنی خەیاتی. هاوەی خەسرەو لە باسی سەرەکی و باسە کەمەلایەتی و چینایەتیەکە نەک هادەکات بە هێکو فرار دەکات" ئەمە لەخوارەوە هەشن دەکەمەوە" دەیەوێت بە سامان کەریم پێی بکاتەوە. بەوا بکە ئەگەر منیش قبوڵی بکەم ئەوە کەس وەریناگریت و ناتوانیت بەم شیوەیە هاوفکری و یەکێتی ئیرادەی ٥ کەس فەراهەم بکەیت.

هەرچەنەک ئەمە بیر بکەینەوە، خەسرەو دروست بیر بکاتەوە یان من لە دوالەکدانەوە ئەوە هەلومەرجەکەو پاتیکی چینەکانو ململانێی

نەوانیانە کە ڕاستو دروستی بەچونەکان دەردەخات. بەتایبەت لە پێیوەند بەم مەسەلەیەوە، ئێفراندەم ، ماوەیەکی زۆری ناوەت و حەقیقاتی بەچونی دروست لە واقعدا دەردەکەوێت. پێش وەلام بەباسکانی دیکە کە لەوانگەی منەوە هەجگار سانەوین، پێویستە لە باسی سەرەکی کەمەلگاوە جارەکی تر دەست پێبکەینەوەو ئەمجارەش نیشانی بدەم کە هاوڕی خەسرەو لە وەڵامەکە فرار دەکات و وەڵامی نادات‌وە. جا یان نایەوێت وەلام بداتەوە یان بەم شیوەیە حاڵی بوە.

دیباتی سەرەکی کەمەلگای کوردستان!

باسی سەرەکی و گەرمی کەمەلگای کوردستانی عیراق لە ئێستادا باسی ئێفراندەمە. یان وا ناونراوە کە ناوی ئێفراندەم بێت. هاوڕی خەسرەو لە دواین نوسینی دا" ئێفراندەم و سەربەخێیی.. دیسان وەڵام بە هاوڕێ سامان." لەسەر ئەمباسەو گوایە وەڵامی پرسیارەکەی منی داوەتەوە کە دەڵێم: چۆن"ئێفراندەم و سەربەخێیی" کێشەی نەتەوایەتی، بەبێ بوونی ستەمی نەتەوەیی، چارەسەر دەکات؟" بەڵێزیان بە شیوەیەکی سەیر وەڵامی داوەتەوە کە هەنانەوەی بۆگەیەکی بەرنامەیەو هەرچەند ئەو بە زمانی عەرەبی دایگرتوە بەلام من لەبەرخاتری ئەو، بە کوردیەکەی بۆی دەنوسمەوە: "لە پاش جەنگ و داگیرکاریی عەراق و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسیش، نەخشەکانی ئەمریکا و بەرژوازی عەراق بە سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، ئەتنیکی ڕو دینی، قەڵەشت و کەبۆری نەتەوەییان لە عیراقدا قوڵتر کردوەتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا پێکهاتەی ژیانی ئاسودە و دوور لە دڕدۆنگی خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عەراقێکی یەکپارچەدا سڕخت و دژوار بووە."

و" حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیەدەکۆشیت بە یەکلایی کردنەوەی دەستبەجێی ئەم مەسەلەیە و دەرکەشانی خەڵکی عەراق و کوردستان لە ژێرباری کەبۆری نەتەوەیی لە ڕێگەی بەرپاکردنی ئێفراندەمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عەراق لەژێر چاودێری دامودەزگا ڕەسمیە نێونەتەوەییەکاندا."(هێلی تەئکید هی منە)

پیش باسکردنی بۆچونەکەی حزبی عەراق کە ئێویش پایەیەکی دیکەی وەڵامی هاوێمانە. جاری با لەگەڵ ئەم دووبرگە بەرنامەیەدا وەڵامی خەم یەکلایی بکەمەوە. پرسیارەکەی من بەم شیوەیە کە لە هەموو نوسینەکانمدا هاتوە: "چۆن ئێفراندەم و سەربەخێیی" کێشەی نەتەوایەتی، بەبێ بوونی ستەمی نەتەوەیی، چارەسەر دەکات؟" بەڕێزیان ئەم دوو بۆگەی هەناوەتەوە. بەڵام نازانم ئەم هاوڕێیەی ئەمە بە وا

دکات خ من نم وتو برنام وا نالت یان باسی یفراندم ناکات، بمانایک ووتوم ئو برنامیی چن بق قدو بای یفراندمی بارزانی دبت؟! ئو باسکی . بلام بهرحال زحمتی کشاو و پ دچیت یفراندم هموو شتیکی ل بیر بردبتو. ئو برگ برنامیانن ل دوو وو بق زراری خسرو و هیچ پیوندی نی بق وڵامی ئو پرسیارو.

یکم: من لیکم ژو وتوم، ئگر حزبی کمنیستی کریکاری ئم کار بکات و ابری بکات ئو من بق ۱۰ پنج مری دکم، و ل یزی پشو دبم. ئو بگ برنامییش وا دڵت و " حزبی کمنیستی کرکاری تدکوشیت بق یکڵایی کردنوی دست بجی..." هاویم لیتکچوو کئم یفراندم ۲۵.۹ حزبی ئم ل کوردوستان بی تنکشاو بلکو بارزانی وپارتی ابری بوون و ناسیونالیزمی کوردیان پشت سری خیان ناو... حزبی ئم ل کوردوستان تازترین بیانی ل بهاری ئمسالدایی و دژی یفراندم... ئم هولو کششی حزبی ئم دوای بیاری بارزانی دت... ئو سیاستی هاوری خسرو دیکات دروست دژ بق برنامیی. من نم بیستو حزبی ئم ل کوردوستان هوی دابت بق یفراندم " باسی ۱۹۹۵ ناکم" تاکو دوای اگیاندنی بارزانی و دیاریکردنی ژکی. ئگر وانی بفرمون لیستی ئو خپیشاندان و مانگرتن گشتیانمان بق بژمرن کئم ل کوردستان ابری کردو بق ئوی یفراندم بسپنت. " یفراندم" ل وانگی هاوی خسرو ل قاموسی سرو چنکانو دخونرتوو پیوندی بق چنکان و خباتی چنایتیو نماو. بی ناوی تکشانی " حزبی کمنیستی کرکاری تیدهکشیت" لگاو.

دووم: بب ل برچاو گرتنی خاڵی یکم. ئو بگ برنامییانن، چوارچیوی گشتی سیاستک دیاری دکن، بلام سردم وکاتی تیدا نی، هلومرجی تایبتی تدا نی. سیاست ل کاتی دیاریکراو و لچوارچوی هلومرجکی دیاریکراودا مانای هی. ئگر وا نبت نخشکارو تکتیک و خواست و داواکاری هیچی مانای نامنت. ئگر بق قسی خسرو بکین، هرکس وتی شرشی کریکاری خیالی. دبت بلین وانی ئو نی برنامکی واناڵت!!! چ عجایب تیرکی. بلام خسرو دزانی؟! ئگر وابوایی هجگار خش و ئاسان دبوو. هاوی دبوایی نیشانی بدات لم هلومرجی سیاسیی دیاریکراوی عیراق و ناوچکدا، چن یفراندم دبتی هی چارسرکردنی کشی نتوییکانی جگا مبستی خی. بلام لمبارو هیچ خی ماندوو

نەکردووەو کارەکەی زۆر بە ئاسان کردوین. جا ئەگەر ئەم وەلامەی هاوڕێیم دروست بێت، ئەوکات هەرشتێک هەوی دا ئەوە سەرو بەرنامەی دەخرێنە باخەڵمانەوە، پیشانی خەڵکی دەدەین و دەیکەینە جەکەری هەموو وەختامێک. لەمبارەوە پێویستمان بە دیقەتی لینینە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی و هۆزە بورژوایییەکان، هەروەها هادو سنوری پەیوەندی وهاوکاری لە گەڵیاندا. ئەو دوو بۆگەیە هەرچەندێک بیهەنیت و بیببیت، بۆزەرەری هاوڕێیمان وسیاسەتەکە کە ئەو پیادەی دەکات.

دوای ئەوە هاوڕێی خەسرەو دێتە سەر بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەوەش برگەیەک دەهێنێتەوە کە گوایا وەڵامە بە پرسیارەکەی سەرەوە: ئەم بۆگەیە هەر لە نوسینەکەی هاوڕێی خەسرەوەوە دەگوازمەوە:" لەسەر ئەم بنەمایەو بە شک، ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادانە دەربارەی جیابونەوە لە عێراق و (دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ) یاخود مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەمافی یەکسانەوە یەکێک لە مافە دیموکراتیەکانی جەماوەری کوردستانی عێراق، هەروەها میکانیزمی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە کاتی ئەستادا (لەژێر سەرپەرشتی دامەزراوە ڕەسمیە نەتەوەییەکان)"(هەموو تەئکیدەکە هی منە).

خەسرەو لەیتەکچوە کە لە نەوان تێزو بۆگەی بەرنامەو خاڵە ئیسپاتی لە لایەک وە هەڵومەرجی دیاریکراو کە ئەو تێزو بۆگانەی لەبارە سیاسیەوە تیدا پراتیک دەکریت لە لایەکی دیکەوە جیاوازی گەورە هەیە... هەر بۆیە ئەم برگانە دەهێنێتەوە و دەیوێت بیسەلمێنێت کە ئەو سیاسەتەی ئەو پشتگیری لەدەکات وەڵامە بە هەموو کێشە نەتەوەییەکان. بەڵام زۆر سادە خۆ کێشە نەتەوەییەکان لە هیچ کوێی ئەو برگەو تێزانەدا نەهاتوە، بەڵکو بەیانەکی گشتی دەکات لە سەرپایەی مێژوێک کە رابوردوەو درێژی هەیە. لەوێش دەردەناکتر بە هاوڕێیم ئەوەیە کە ئەو بۆگەیەی نوسراوە لە بەیانەکەدا بە قازانجی ئەم ڕیفراندۆمە نیە کە لە ٢٥.٩ دا دەکرێت بەڵکو دژیەتی بێتەواوی. ئەو بۆگەیە مەرجدارەو خەسرەو هەڵی تەئکیدی بۆژەر کۆتایی بۆگەدا نەهێناوە لە نوسینەکەی خۆیدا. دیارو مەرجدارە و دەڵێت (لە ژیر سەرپەرشتی دامەزراوەو ڕەسمیە ونیوتەتەوییەکاندا). خەسرەو گیان ئەگەر من یەکەکم لەوانەی ئەو بەیانەم نوسیوە پیش ئەوەی بەریزتان بیبینن، دەیان جار ئەمدو ئەودیو کراوەو ئەم ڕاژەم لەبەرچاو بوە و تەجروبەی موسەم لە بیر نەکردوە. باسی ئەمە بە جۆریکی ترەو لە خوارەوە باسی بەیانی حزب وناحزبی بونی سامان بە ڕەشنی باسدەکرێت.

کەواتە بۆگەی بەیانەکەی ئەمە بە هیچ شیوەیەک لەگەڵ ڕیفراندۆمی

ئستادا نیە کە لە ٢٥.٩ دا دەکرێت، چونکە لە لایەن هیچ دامەزراوەو دەزگایەکی نەو نەتەوەیی خاوەن ئوتۆریتەوە سەرپەرشتی ناکریت. پشتی ئەم سیاسەتە و ناوەرۆکەکەی ئەوەیە لە هەلومەرجی ئستادا بە پێی لێکدانەوەی من و کاتی نوسینی بەیانەکە ئەوەبوو کە لەم قۆناغە ئینتقالیەدا کە شارە لەسەر دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە و بەم پێیە شارە لە ئاستی میدیا و دامودەزگا نیونەتەوەییەکان و، شارە لە ئاستی ئابوری و بازگانی و... بەیە ئەم دامو دەزگایانە بەتایبەت یوئێن و یەکێتی ئەوروپا وەک دوو دەزگا ... ناتوانن ێیک بکەون و سەرپەرشتی کارەکی وا بکەن... مەگەر ئەوەی کە هاوسەنگیەک پەک بێت کە هەموو لایەنە زلهێزەکان بەبەشی خۆیان ازی بن، بەوەش قۆناغی ئیستا تێپەر دەکەین و تەواوی هەلومەرجەکە دەگوڕێت. ئەوەش دەزانم کە هاوی خەسرەو خەی ماندو دەکات و دەچیتە یوئێنی هەولێر، بەلام پێی دەڵەم ئەوە وەهمە هاوی گیان. تە بڵێی هاوی خەسرەو ئەوە نەزانیت کە میکانیزمی دەخالەتی دەزگایەکی وەک یوئێن چۆن؟!
من نازانم من کیلەمەترەکەم سفر کردوە یان هاوی خەسرەو تیژەوەو لەسەر وەزنی فەتەن دەروات و کات و هەلومەرجی بە مەسەلە نیە" داوای لێبوردن لە فەتەن دەکەم ". دیسان هاویم لە تیژی خێدا ئەوە نابینێت کە جیاوازی هەیە لە نیوان ێیگا چارەی ئەمە و کیشەکانی کە ئستا هەن. باسی کەمەنیستەکان بەتەنها ئەوە نیە کە ێیگا چارەکە بنوسن، بەڵکو باسی گێشتنە پێی لە جەرگەی هەلومەرجی سیاسی دیاریکراودا. بە ئەوەش خاڵی گرینگ لێکدانەوەی هەلومەرجەکەیە ئایا چەندە بەقازانجی کێکارو خەڵکی زەحمەتکێشە، هەروەک ئەم بۆگەیەی بەرنامە پەمان دەڵێت :

"حزبی کەمەنیستی کرێکاری تەنها کاتێک دەنگ بە جیابونەوە دەدا، لەهەرقۆناغیکدا، کە گریمانەیەکی بەهێز هەبێت، و نیشانی بدات ئەم ئاراستەیە "مەسار" ، دەبێتە هەی ئەوەی کە کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردوستان بە هەرەمەندبن لە مافی مەدەنی زیاترو پۆگەی ئابوری وپێیوەندی کەمەڵایەتی یەکسانخواز تر و مسۆگەرتر. هەوەستی رەسمی حزبی کەمەنیستی کریکاری لە هەر قۆناغێکدا دیاردەکرێت، لەسەر بناغەی لێکدانەوەیەکی دیاریکراو بە هەلومەرجی مەوجودو تەواوی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارو بە شیوەیەکی تایبەت جەماوەری کریکارو زەحمەتکەش لە کوردستان(بەرنامەی دنیایەکی باشتر بەشی مەسەلەی کورد/ تەئکیدکان هی منە).

کەی هاوی خەسرەو ئەوەی نیشان دا کە ئەو سیاسەتەی ئەو گرتویەتیە

بەر دەبەتە هەی پتەوکردنی پێگەی کریکارو خەلکی زەحمەتکەش لەم هەلومەرجە دیاریکراوەدا، ئەوکات وەلامی داوەتەوە. بەلام هاوەی خەسرەو ناتوانێت وەلامی یەک پرسیاری بچوکی وەک ناوچە جیناکەکان بداتەوە چ بگات بەوەی کە وەلامی گشت کیشەکە بداتەوە. بە ئاگاداری خەسرەو هەر ئێستا شەرکە دەستی پێکردوە لە مەندەلی و سنوری دیالە. وە دوێنی پەرلەمانی عیراق بڕیارێکی شەقینیانەی دەرکردوە، ؟ هاوەی گیان مەهەلە ئەم شتە ڕوبدات؟!!.
هەر لە ژیر ناونیشانی ئەم تیترەدا هاوەی خەسرەو بەمن دەلێ (هاوەی سامان لەزهنیەتی خەیەوە کێشەیەکی لەگەڵیوین بە یەکی گرتوون لەگەڵ "دەیان کێشە"ی تر!. ئەویش کێشەیەکی قەومیە لەوانەکی دیاریکراودا، کە کوردستانی عیراقە. دەیان کێشە"ش، کە ئەو بە"کێشە نەتەوەیەکان" ناویان دەبات لەوانە: کێشەی خاک، سنور، نەوت وگاز ئاو ویرانیەم و.. کێشەی نیوان دەوڵەتان و پەیوەندیەکانی نیوانیانە لەفەزای سیاسی دونیای ئەمڕدا، کە لەبنەڕەتەوە ناچنە نێو خانەی کێشەی قەومیەوە، تا لەیگای ێفراندەم و سەربەخێییەوە وەڕام وەربگرنەوە. لەحالێکی ئاواشدا هاوەی سامان دەکەوێتە هەلەیەکی سیاسی و فکری ڕشنەوە ئەویش تێکەڵ کردنی کێشەی نیوان دەولەتان و کێشەی قەومیە لەولاتێکدا.). (ێفراندەم و سەربەخێیی.. دیسان وەڕام بە هاوڕێ سامان/ هەڵەکانی تەئکید هی منە)

هاوەی خەسرەو باسکان بەئارەزوی خەی هەڵدەگرێتەوە، پەی وایە هەڵگیرانەوە دژکێین. باسکە ڕشنە بەیزیان دەڵێن کە بە پێکهێنانی دەوڵەت و بە دەست هێنانی سەربەخێی کوردوستان، کێشە نێتەوەیێکان چارەسەر دەبن بەجیا لەوەی کە هاوێیم ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت و فراری کردوە لە وەڵامەکەی، دەڵەم بەجیا لەوە. ئەگەر دەوڵەتیش پێک بێت ئەو کێشانە چارەسەر نابن .. ئەوکاتیش هەربەناوی نێتەوەوە لەسەر چاڵە نەوت و چاڵە گاز و فلان زەوی و تەپەلکەو شارو شارچکەوە شەری نێتەوەکان مومکنە دەست پێبکاتەوە... جا ئەگەر لە نیوان دەولەتکاندا ئەوە هەبێت کە خەسرەو خێشی جەختدەکاتەوە سەری ئەی کەواتە ئەم کیشە مەلموسەی ئێستا، کە دەیان سالە هەیەو خوێنە تیدا ژاوەو ئەنفالو کیمیایی باران وکینە وبوغزی تێدا تەقیوتەوەو بارزانی و بزوتنەوەی کوردایەتیش هەر پەمپیان داوە، من نازانم هاوەی خەسرەو چۆن چارەسەری دەکات بەم ێفراندەمەی بارزانی؟! هاوەی خەسرەو بەوەڵامکانی خەی دەوری خەی دەگرێت. هەمووشی مەسەلەکە ئەم ێفراندەمێە، من نازانم بە وا خێشویست بوە لای. هاوەی خەسرەو لەباسی دەوڵەتدا لە زمانی مەلیکدا دژی و وا دەزانێت جەنگی سارد ماوە. بەوابکە تەواو بوە دەوڵەت و دەولەتی

نەتەوە گەلانی هەجگار گەورەیان بەسەردا هاتوە. گوناهی من نیە کە تە ئاگادار نیت.

هاوڕی خەسرەو خەی بە وەلامی خەی نەفی خەی دەکاتەوە.. بەدرێژایی ئەم بەشەی بەگە لە دوای بەگە دەرگیر بوە لەگەل دژایەتی خەی، بەگەیەک وەلامی بەگەیەکی دیکە دەداتەوە… ئەوەش نمونەیەکی دیکە: هاوڕی دەلە(بەم جۆرە وردکردنەوەی کێشەی کوردی لەکێشەیەکەوە گەیاندووە بەبەشە پەکهاتوەکانی. واتە کێشەیەک لەگشتیەتی خەیدا خستەتە بەرامبەر بەبەشەکانیەوە، لەوانە کێشەی کەرکوک وناوچە جێناکەکان، تا وەک پیوانەیەک بۆ "جیاکردنەوەی سیاسەتی کەمەنیستی لەناسیونالیستی"، بەروومانداا بداتەوە). هاوڕی خەسرەو ئەمجارەش هەلیگەڕاوەتەوە. باسی من نە باسی گشتیە وە نەباسی پەکهاتەکانیەتی تا بچوکی بکەمەوە. باشە تە ئاگەر وەلامی بچوکەکەت پەنەدرێتەوە و فرار بکەیت لە بەردەمی دا ئەی بە گەورەکەیان چی دەکەیت؟! من بە دەق نوسیومە "نموونەیەکی سادە، هەرکەس و هەر هاوڕیەک پەی وایە کە ئەم ڕیفراندەمە دیاریکراوەی بەردەممان دەبێتە هەی چارەسەری ناوچە جێناکەکان، دەبێت نیشانی بدات چۆن وە بەکام ڕێگا…"(هیلی تەئکید هی منە) من بەڕێشنی وتومە "وەک نمونە"، باسی من ئەوەنیە کێشەکە بچوک بکەمەوە یان گەورەی کەم. بەڵام پەم وایە ئەو نمونەیە سەرەکیە لەم هەلومەرجە دیاریکراوەدا، چونکە بەشەکی یان بەشی زەری ململانێکە لەسەر ئەویە… بەیە ئاگەر هاوڕی خەسرەو وەڵامی ئەم " پەکهاتە بەشەی" بدایەتەوە، ئەوە بەشیکی زەری کێشەکەی چارەسەر دەکرد بەڵام ئەو لەم باسە فراری کردوە و پەنای بردوە بە فەلسەفە و دەیوەت لە گشتیەتی خەیدا بەمان چارەسەر بکات… ئە باشە لایەنی کەم پەمان بلی چۆن ئەم گشتیەتە چارەسەر دەبێت تا دوای بچین پەکهاتەکانی پەیدا بکەین و بە ئەوەی توشی لەکدانەوەی میکانیکی نەبین. لەمبارەوە دەبێت بگەیەنەوە بەیەن، ئەوەنیە بەرنامە!! ئەوەنیە بیانکان!! دەستمان لەی بەربوو گەیەنەوە بە سفری تەلەفەن. بە ئاگاداری خەسرەو سفری تەلەفەنیش هی سەردەمی جەنگی سارد.

هاوێمان هەربەوەندە رازی نابێت بەڵکو زیاتر کێشەکەمان بە چآرەسەر دەکات و دەلێت(لەمبارەوە حزب بەڕێشنی ئەو فاکتەرانەی دیاریکردووە کە بەدیهێنانیان دەبێتە مایەی فەراهەمکردنی هەلومەرجێکی گشتی وگونجاو وەسمی بە ئەنجامدانی ریفراندەم و پرسی سەربەخێی کوردستان وهەروەها هەنگاو هەگرتن بەرەو چارەسەری کێشەکانی کەرکوک وناوچە جێناکەکان.)(هەلبد تەئکیدەکە هی

منە).سادەترین پرسیار ئەوەیە ئەو فاکترانە بە چیە؟! ئەگەر بە پراتیک و بە کاروبار مەرجەکان نازانم بە نمونە فاکتەری سەرپەرشتی ئەکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چی لێهات؟! تکایە وەلامەکە ئەوە نەبێت کە سەردانمان کردون. ئەگەر نەبوو ئەوە چەند جارێکی ماوە؟! ئەگەر هیچ بەهایەکی نیە لە بیاری بەرزتاندا بە نوسیوتانە؟! ئەو پریسنبانە بۆچی نوسراوە؟! تکایە ڕوشنی بکەرەوە. بەلام دیسان پیش .٢٥.٩

هاوڕی خەسرەو لەم وەلامەیدا هەجگار دورکەوتەوە لە باسی سەرەکی، ئەو خولیای موشکلەکانی سامان کەریمە. بەلام سامان کەریم خەمی ڕیفراندەمی ئەوەندە نیە، بە قەدەر بزوتنەوەی چینایەتی کریکارو هەوەدان لایەنی کەم بە ئەوەی نەبێتە بەشیک لە حەشاماتی جەنگی قەومی، بیێ لە ئەستای ئەمدا ڕیفراندەم ببێت یان نا بکریت یان بە ئیمە بە بزوتنەوەکەمان هەمان جەگامان پێدەبڕێت.. دەزانی بۆ؟! لە خوارەوە وەلام دەدەمەوە.

دیباتی سەرەکی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکار

هاوڕی موحسن کەریم دەڵێت"بۆچی مەسەلەی بەرزکردنەوەی ڕیفراندەم لە ئەستادالە لایەن پارتیەوە بە پلەی سەرەکی کە زەربەی هەڵەکانی دیکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشاوە بە بەروای من لە هەلومەرجێکدا قابیلی تیگەیشتنە کە خەریکە داعش بەرەو تەواو بوون دەچیت لەباری عەسکەریەوە، ..... ئەمریکاش پێویستی بەوە یە کە نفوزی ئێران لە عیراق، ناوچەکەدا کەمبکاتەوە، وە بەڕاشکاوی ڕایگەیاندەوە کە تەحملی ئەوەناکات کە عیراق لە بەردەستی ئێران دا بێت وە ئیران لە عیراق لە سوریا لە فەلەستین لە لوبنان و یەمەن هەزو نفوزی هەبێت . مەبەستم کورتکردنەوەی دەستی ئێران وە نفوزی ئێرانە لە عیراقدا، بەشیکە لە سیاسەتی ئەم دەورەیەی ئەمریکاش بیێ من پێم وایە چ ئەمریکا وە چ تورکیا پێویستیان بەوەیە کە بە ئەوەی ئەوزاعی دوای نەمانی داعش بە جۆرێک یەکلایی بێتەوە کە نفوزی ئێرانی لە عیراقدا بەرتەسک کرابیتەوە ئەگەر نەشکرا بێتە دەرەوە، ئیران لە عیراقدا، لایەنی کەم نفوزەکی ئەوتوی نەبیت وە کاریگەرەکی ئەوتەی لەسەر هاوکێشەی سیاسی عیراق، وەلەسەر ڕەسمی سیاسەت وە دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا نەبیت وە بەم شیوەیە ئەم سیاسەتەی تورکیاو ئەمریکا بە سەرئەنجام بگات. ئەمە تەبعەن لە ڕیگای چیەوە دەبیت ، بە بروان من لە ڕیگای ئەوەوە دەبێت کە هەزە نیارەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دەست بەمەوە بگرن، یەعنی کەشمە کەشێک لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بکەن ناچاری بکەن کە قبوڵی ئەمە بکات، وە بەجۆرێک پاشکۆ بە ئیران

بکات ... بۆیە ئەوان چ ئەمریکاو چ تورکیا دەستیان بە دوو مەسەلە بردوە یەکەکیان ئەوەی بەقەوەتکردنی پارتی و دەستگرتن بە پارتیەوە ومەسەلەی تەرحی رەفراندەم وە کوو کارتیکی فشار لەسەر حکومەتی مەرکەزی بەغدادەوە... (گرتەی ڤیدیۆیی لەگەل هاوەی موحسن کەریم /http://www.hawpshti.com/ku/?p=12516 هەلی تەئکید هی منە).

هیوادارم هاوەی خەسرەو گوی لەم گرتە ڤیدیویەی هاوەی موحسن کەریم بوبێت کە چۆن دەوانتە یەفراندەم لەم باسەیدا. من لەگەل ئەو لەکدانەویدا هەم کەلەو ڤیدیەی سەرەوەدا هاتوە. هاوەی خەسرەو گالتەی بەدونیا دێت و پێی وایە بەری ئاسمان بە بۆژنگ دەگیریت و لە کوردستان زیاتر نابینێت و کوردستان سنوری بیرکردنەوەی دیاریکردوە ئەگەر نا با ئەو بگەیە بەغدادەوە کە ئەو سەری سورماوە لێی. دیسان هەر لەنوسینەکەی خۆیەوە دەیهێنمەوە بە هەلە تەئکیدکانی خۆشیەوە، با بڕاوردکی بکات لەگەڵ ئەو ڤیدیۆیەی هاوەی موحسن دا دواتر ئەگەر تاقەتی وەڵامی مابوو وەلامکمان بداتەوە. فەرموون من وتوم("سیاسەتی یەفراندەم و سەربخۆیی سیاسەتکی لەکەی نەوخۆی عەراق یان کوردوستانی عەراق نیە. بەشکە لە ئامانجکی گەورەتری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە دووبارە داشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە.

سیاسەتکی ماکرەو بەشیک لە ئەستراتیژی ئەمەی ئەمریکایە بە چارەسەی کێشە بناغەییەکانی بورژوایی جیهانی، دروست وەک کێشەی ئەستای کوریا. ئەم سیاسەتە بە دووبارە بەهەزکردنەوەی پگەی ئەمریکا و دەرپەندانی مونافسەکانی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا لە یگای لاوازکردن و پەوباکردنی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە" –هەی تەئکید هی منە-)(هەمان سەرچاوە، نوسینەکەی هاوەی خەسرەو).

من چی بکەم خەسرەو گیان، تە ئاگات لە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە نیە. وە ئەگەر ئاگاداریت دیسان من چی بکەم بە بریارە ' ئیلاهی" سەرو چینەکانەوە یەفراندەم لەم شەرەو لەم جەنگە فراوان و ناوچەییە دەردەکیشیت؟! خەتای من نیە. پاشان ئەگەر وانیە، مەسەلە چیە کە یەفراندەم بەتە جێگای ململانی و جەنگکی ئاشکرای نێوان ووڵاتانی گەورەو بچوک؟! بەی خەسرەو گیان. یەفراندەم دروست وەکو هاوەی موحسن دەلیت کارتیکی فشارە بەسەر دەوڵەتی مەکەزی بە کەمکردنەوە یان نەهێشتنی نفوزی ئێران. وە ئەوە لە گریمانەی سەرگرتنی دا " کە سەر ناگرێت، لەڕدا مەبەست یەفراندەم نیە" مانای کەمکردنەوەی نفوزی روسیایە لە ناوچەکەو بەتایبەی عیراقدا...لام وا بێت ئاسانە و هاوێمان تاقەتی نیە تێبگات. یان لە بەر ئەوەی سامان نوسیوێتی دەبێت هەر هەڵە بێت. کاکە گیان من نەم

ووتوێو هاوڕێی موحسن وتوویەتی.

هاوڕێی خەسرەو پێکەنینی بە " کوریا" دەت. ئەو نموونەیە زۆر زەقترەو کێشەکان لەوی بەرچاوترن بیر کردنەوەی ناوەت، ئەوە چین و ئەوە روسیاو ئەوە ئەمریکاو ئەوە یابان هەمویان لەوە ئامادەن و هەموویان زلهیزانی دونیان. لەوەش کێشەکە بە ئاستەنگ دروستکردن و ئابلوقەدانی چینە بەدەرەجەی یەکەم و پاشان روسیا ...ئەمریکا دەیەوێت چین لەوە زیاتر پێ هانەکێشیت. ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە تاکو ڕوشنتر باسەکە بگات. چونکە لە عیراق و ناوچەکەدا جەنگەکە بەشیوەی وەکالەت دەروات پێشەوە چەندین هێزو وولاتی بچوکی تیدایە وەک پارتی، حزب اللە، حەشدی شەعبی... کە بەراورد ناکرین لەگەل وولاتو هێزگەلی وەک چین ویابان و .. هیوادارم کەمەک باسەکە بە هاوڕیمان ڕوشن بوو بەتەوە ئەو باسەی هاوڕێی موحسن کەمەک کەمەکی بکات.

ئەگەر ڕیفراندەمی ٢٥.٩ سیاسەتی فشارەو لە دووتوێی سیاسەتی ئەمریکادا دەواتە پێشەوە، بە شێکە لە سیاسەتی دوبارە دارشتنەوەی ناوچەکەو عیراق بە قازانجی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و بە کەمکردنەوەی نفوزی روسیاو ئیران و هاوپەیمانانی، ئەوکات نازانم کام قودرەتی قادرە، دەتوانێت نیشانی بدات کە ئەم پرۆژە سیاسیەی ڕیفراندەم بە قازانجی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان و ناوچەکەیە...

هاوڕیمان زۆر زیاتر پێی وادەکێشە و دەڵێت باس لە ئیران و ئۆپۆزیسیونەکەی و بە گالتە جاریێوە باسی دەکات کە ئەوانە پەیوەندی نیە بە ڕیفراندەمەوە... ئاخ ڕیفراندەم کە خۆشەویستی و میهرەبانیت، لەهەمان کاتدا بە بڕیێت کە ئەو هاوڕیێمت بەم دەردە بردوە. من چی بکەم هاوڕێی خەسرەو پەیوەندی نیوان هەوڵدانی پارتی و سعودی و ئەمریکاو بە تێکدانی کوردستانی ئێران و نانەوەی ئاشوب و تیکدانی هاوسەرجی ئیران لەگەڵ ڕیفراندەم نابینێت کە هەردوکیان هەمان ئامانج دەپێکن. بەهەرحال ئەمە ئیتر پیویستی بە ڕونکردنەوە نەماوە. موشکڵەی هاوڕیمان لە موتالەعەو تێگەیشتندا نیە.

پاشان هاوڕیمان دەڵێت:(بۆ لەهەرشت ئەم ڕستە ڕیزکراوانەی هاوری سامان زیاتر لە تئیوری موئامەرە دەچێت تا لێکدانەوەیەکی مارکسیستی، چونکە ئەمریکا ڕوون و ڕاشکاو چەندین جار ڕایگەیاندوە کەلەگەل ئەوەدا نیە کە ریفراندەم بکرێت، بۆئەمەش هەم نیردەی ناردوە و لەم بارەیەوە قسەی لەگەل بارزانی کردوە، وەهەم فشاری

ئەوەی هیناوە کە هاوکارییەکانی لە پشمەرگە دەبریت، بەلام وا دیارە بەیزیان سیاسەتی ئەسمی و راگەیاندراوی ئەمریکا بە سیناریۆەردەگرتووە وپێدەچێت لەوالەتدا بەمامەڵەیەکی فریوکارانەی بزانێ و لە ژیرەوە لەگەل ریفراندەم وسەربەخۆییدا بێت!. لەچەشنی ئەو نمونانەی کە کاتی خۆی دەیناگوت ئەمریکا خۆی پلانی بۆ بنلادن داناوە تا پێلاماری واشنتۆن و پنتاگۆن بدات بۆ ئەوەی بیکاتە شەڕ.)(هەمان سەرچاوە/ هەڵەکانی تەئکید هی منە)

خەسرەو جارێک بۆ قسەی بەرزانی سیاسەت دەگوێت و ئەمجارەش بۆ قسەی میدیا تیدەکەوێت، هەرچەند میدیا وای نەگوتوە. ئاخر میدیا لە کوی جیگا متمانەی هیچ کەس بوە؟! ئەوە نیە جەلال تالەبانی پێی دەڵێ " حجی الجرائد" ئەمەش خەتای منە ، یا هاوەی خەسرەو خۆی هاواردەکات و دەڵێ " چونکە ئەمریکا روون و راشکاو چەندین جار رایگەیاندوە کەلەگەل ئەوەدا نیە کە ریفراندەم بکریت،.."خەسرەو گیان من نازانم تە گوە بە کام شێوەکەی هەوال شل دەکەیت بەلام دەنیا بە ئەمریکا لە هیچ جێگایەک دژی ڕیفراندەم نەبوە، ئەو بۆ ئاشکرا دەڵێت کە لە ئێستادا لەگەڵی نیم وەکو شاسوار" بزوتنەوەی نەخیر لە ئیستادا"، ئەو بۆ ئاشکرا داوای دواخستنی دەکات تاکو دوای هەڵبژاردنی عیراق. دەزانی بۆ؟ چونکە دەزانێت ئەگەر ڕیفراندەم بکریت ئەوە عەبادی وەک سەرۆک وەزیران نامێنیت و ئاستەوخۆ دەریدەکەن جا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێت یان بەندو بەستی نێوانەو جەراوجێری خۆیانەوە. وە دەزانیت ئەو ئاراستە تازەی کە پیکهاتوە لە عیراق بە قازانجی خۆتی یان جەمسەری ئەمریکاو سعودیەو تورکیا ئەویش هەجگار لاواز دەبیت، ئاراستەیەک کە زیاتر ئیسلامی عیراقی و قەومی عیراقی دەگرێتە خۆ لەمانە پێک هاتون: ئاراستەی عەبادی لە نەو حزبی دەعوە" ئەمە ئێستاش لاوازە"، ڕەوتی سەدر، ڕەوتی حەکیم" تەواو ساخ نیە" و جەماعەتی عەلاوی و حزبی شیوعی عیراقی و ڕەوتە مەدەنیەکەی.... ئەمریکا بۆ ئەوەی هەم ئەو هەزانەو ئەو دەستکەوتانەی دوای لابردنی مالکی لە دەست نەچیت وهەم ریفراندەمەکەی لە کاتی گونجاودا بکریت، داوای دواخستنی دەکات... هەر بۆیە گریمانەی دواخستنی زۆر و گریمانەیەک ئەوێیە کە لەڕێگای پەرلەمانەوە دوایبخەن. خەسرەو گیان تکایە هەندە باوەر بە میدیا مەکە، سەرای ئەوەی کە میدیا وای نەگوتوە.

بەڵام ئایا هاوەی خەسرەو ئاگای لەوێیە کە ئەو ئیمەیجی ئەو دەیدات، گریمانەو دەرئەنجامی زۆر گەورەی لە دەبێتەوە بەقازانجی پارتی وبەرزانی. گریمانەیەک ئەوێیە کە ئەگەر هاوەی خەسرەو ڕاست

بکات، ئەمریکا لەگەڵ ئەم ڕیفراندەمە نیە و بۆ ئاشکرا ووتوێژی مەیکەن بۆ قۆناغی ئاو، ئەمریکا هازی نیە، ئیران هازی نیە، حکومەتی مەرکەزی هازی نیە، تورکیا لایەنی کەم زۆر دژایەتی دەکات لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان... لە ناوخۆ چەندین هێزو خەڵک دژیەتی... کێوات بەرزانی پاڵپشتی سەردەمی گاریبالدی یاو ئەمە لە بەردەم هاباڵێکی نیستمان پڕۆڕو رزگاریبەخشداین مل نادات بەهیچ هێزێک... ئەگەر ئاو قسانی هاوێیمان هاست بن، بەرزانی ئاو پاڵپشتیو دەبێتە ئاو پاڵپشتان. ئەم مەسەلەیش هەر لە خۆشویستی خەسڕاو دایە بۆ ڕیفراندەم. ئەگەر نا چۆن دەکرێت لەم سەردەمدا لە نیو هێزەکانی بورژوایدا دیاردەی وا هەبیت؟!! بەقسەی کەس ناکات، وەهامی کەس ناداتەوە... ئەمە ئیتر لەکاری سێپەرمان و جیمس بەند دەچێت وەک لە هەڵومەرجێکی بابەتیانە. ئەم باسەی خەسڕاو قەدەمبازە.

گۆڕینی سیاسەت بۆ قسەی بەرزانی وکەمەنیزمی قەدەمباز

هاوڕێی خەسڕاو زۆر لاوە بەدیقەترو ورد تر بوو کە لەم نوسینانەی دوایدا پەنای بۆ بردوە سەرنج بدەن چۆن وەلام دەداتەوە.("بەڵام لەپەیوەند بەبەیاننامەی حوزەیرانەوە دەخەکە دەچێتە ئاستێکی تر، ئیتر "دوای کەمتر لەدوو مانگ" حزب وریفراندەم دەکەوێتە"بازنەی کاتو شۆنی دیاری کراوەوە" بۆیە مانای تایبەتی خۆی وەردەگرێ، ئەویش ئەوەیە کەمەسعود بارزانی وپارتی راستەوخۆ لە ژێر گوشارێکی فراوانی کەمەڵایەتیدا، کەئەمەش تیا بەشداربووین، لەدژی ئەوەی کە"ڕیفراندەم بۆ جیابوونەوە نییە"، هاتەپای سازدانی ڕیفراندەم و بەپێستەکەیەوە 25ی سیبتەمبەری دیاری کرد.(هەمان سەرچاوە/هەڵە تەئکیدکان هی هاوڕێی خەسڕاوە).

هەروەها هاوڕێی دەڵێت (هاوڕێی سامان نایەوێت بروا بەوەبکات کە لەئاکامی فشارێکی کەمەلایەتیدا هەویستی بەرزانی لەبەرامبەر ڕیفراندەمدا لەموزایەدەو قسەدا نەمایەوەو کەمەگای بەرەو جەمسەربەندیەکی نوێ راکێشا. تەنانەت نایەوێت بروابەوە بکات کەپارتیو زیاتر لە17 حزب ولایەن هاتونەتە پای بەرپاکردنی ڕیفراندەم وئەمەش بۆ سەربەخۆیی بێت، بەبۆ ئەوەی پرس بەهیچ لایەکیش بکرێت. لەمەش زیاتر نایەوێت بروا بکات بەوەی کەبارزانی ولایەنەکانیتر بۆ یەکەمجارە هاتنەتە ژێرباری بۆشیک لاو پرۆنسیپانێی کە لە میژوی کوردستاندا پیشتر تەنها ئیمە باسمان کردوە لەوانە: ئەنجام دانی ریفراندەم بۆ سەربەخۆی لە هەموو ناوچە

